گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(2).Paper1
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٢/١١/١٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٢/٠١
ڕێـکەوتی بلاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٤/٢٩

# کاریگەریی ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوکدا،

# لەسەر ئابوریی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان

**عەدالەت عەبدوڵڵا محەمەد[1] - نەزاکەت حسێن حەمە سەعید[2]**

nazakat.hamasaeed@univisul.edu.iq - adalat.muhamad@kti.edo.iq

[1+2]بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

کاریگەریی ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوک لەسەر ئابوریی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان، کێشەی ئەم توێژینەوەیەیە کە بەشێکە لە تێزێکی دکتۆرا. ئامانجی ئەم توێژینەوە دەرخستنی واقیعی ڕیکلام و سەرچاوەی تری ئابوریی ڕاگەیاندنە لای کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان. تێگەیشتنە لەڕادەی زانینی ئەو کەناڵانە بۆ پرۆسەی ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوک و تایبەتمەندییەکانی. زانینی کاریگەریی ڕیکلامی بازرگانییە لەفەیسبوکدا لەسەر ڕێژەو نرخ و داهاتی ڕیکلام لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا. زانینی ڕادەی گرتنەبەری ڕێکاریی هەمەجۆریشە لەلایەن ئەو کەناڵانەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کاریگەرییانەی کە دەشێت، بەهۆی ڕیکلامی بازرگانییەوە لەفەیسبوکدا، بۆ سەر ئابوریی کەناڵەکانیان، دروست ببێت.

توێژینەوەکە لەجۆری وەسفییەو ڕێبازەکەشی ڕوپێوکردنی ڕای جەماوەرێکی پەیوەندیدارە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە میدیاکارانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستانە، مشتەی توێژینەوەکەش میدیاکارانی پەیوەندیداری بواری ئابوریی حەوت کەناڵی ئاسمانیی کوردیی تایبەت بە هەواڵ و سیاسەت کە بریتین لە: GK، Rudaw، KNN، NRT، K24 ، Kurdsat news، Payam. ئامرازی کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە چاوپێکەوتن و فۆرمی ڕاپرسی کە بەسەر ٧٠ کارمەندی بواری ئابوریی ئەو حەوت کەناڵە ئاسمانییە کوردییەدا دابەشکراوە، وەک توێژینەوەی پێشو، سودیش لەچەندین توێژینەوەی پێشو وەرگیراوە.

گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی کە ئەم توێژینەوە پێی گەیشتوە ئەوەیە کە ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوکدا لەڕوی مەعریفی و سۆزداری و ڕەفتاریشەوە کاریگەریی لەسەر ئابوریی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان داناوە. ڕیکلام تەنها بە ڕێژەی ٢٥٪ سەرچاوەی ئابوریی ئەو کەناڵانە پێکدەهێنێت.

**کلیلە وشەکان:** کاریگەریی، ڕیکلام، فەیسبوک، ئابوریی ڕاگەیاند.

## پێشەکی:

لەگەڵ ڕاگەیاندنی نوێ New Media و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، سەردەمی ئێستای مرۆڤایەتی، وەرچەرخانێکی بەرچاوی لەبواری پەیوەندیگرتن Communication و تەکنەلۆژیادا بەخۆوە بینیوە کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ، لەڕوی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، لە پێشکەوتندایە، ئەم وەرچەرخانە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، کە نزیکترینیان لە ژیانی ڕۆژانەی تاک و کۆی ئەندامانییەوە بریتییە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆژ بۆ ڕۆژ ڕەنگدانەوەی لەسەر کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگە دەبێت بە کایەی ئابوری و ڕاگەیاندنیشەوە. بەکارهێنانی بەرفراوانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەبازارکردنی کاڵاو بەرهەمەکان لەلایەن کۆمپانیا بازرگانییەکانەوە، پرسیاری لەسەر چارەنوسی ئابوریی ڕاگەیاندنی نەریتی Traditional media دروستکردوە. کاتێک بەبازارکردن و بەدیاریکراویش ڕیکلامکردنی بازرگانی لەڕێگەی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەوە وەک ئامرازێکی نوێ و کاریگەرتر بۆ کۆمپانیاو پرۆژە بازرگانییەکان دەربکەوێت و پشتبەستن بەو تۆڕانە ببێتە دیاردە، ئاخۆ ئەبێ ئابوریی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، ڕادیۆکان، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، دوچاری چ جۆرە بەربەرەکانییەک ببێتەوە بۆ ئەوەی زیانی بەرنەکەوێت؟

ئەم توێژینەوەیە، ڕوماڵی دیوێکی ئەو پرسەی کردوەو لەسەر (کاریگەریی ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوکدا لەسەر ئابوریی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان) ڕاوەستاوەو لەژێر ئەو ناونیشانەدا توێژینەوەکەی بۆ سەر چەند بەشێک دابەشکردوە، بەشی یەکەمیان میتۆدنامەو هەنگاوەکانی لەخۆگرتوە، بەشی دوەم کە تیۆرینامەیە، لە چەند باسێکدا تەرخانە بۆ کاریگەریی ڕاگەیاندن، ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوک و تایبەتمەندییەکانی، ئابوریی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان، بەشی سێیەمیش تایبەتە بە لایەنی پراکتیکی کە تیایدا ڕوپێوی بیروڕای مشتەی توێژینەوەکە لەسەر بابەتی توێژینەوەکە کراوەو ئەنجامەکان دەرهێنراون، لەکۆتاییشدا دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاسپاردەکانی لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕو.

## بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە:

### ١-١: کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە، لە پرسیارێکی سەرەکیدا کۆدەبێتەوە: ئایا تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک، لە بواری ڕیکلامی بازرگانیدا، لە هەرێمی کوردستان، تا چەند کاریگەریی لەسەر ئابوریی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێم بەجێ هێشتوە کە یەکێک لە سەرچاوەکانی داهاتیان ڕیکلامکردنە بۆ کۆمپانیا بازرگانەکان؟ بۆ بەدەستهێنانی وەڵام بۆ ئەم پرسیارە سەرەکییە، توێژەر ئەم پرسیارانە دەخاتەڕو کە بریتین لە:

أ. ئایا ڕێژەی ڕیکلام، وەک سەرچاوەیەکی ئابوریی، لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، چەندە؟

ب. جگە لە ڕیکلام، ئابوریی کەناڵەکانی ئاسمانییە کوردییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیە، پشت بە چ سەرچاوەیەکی تر دەبەستێت؟

ج. ئایا ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوکداو تایبەتمەندییەکانی، لەلایەن کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە درکپێکراو و زانراون؟

د. ئایا ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوکدا، کاریگەریی لەسەر ڕێژە، نرخ، داهاتی ڕیکلام لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەجێهێشتوە؟

ه. ئایا ڕیکلامی بازرگانی لە تۆڕی فەیسبوکدا، بۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕێکاریی هەمەجۆر بۆ کێبەرکێکردنی بگرنەبەرو لە ڕیکلامکردندا بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان نەرمی Flexibility بنوێنن؟

### ١-٢: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

أ. دەرخستنی ڕێژەی ڕیکلام لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیەدا.

ب. زانینی پشت بەستنی کەناڵە ئاسمانییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیە بە سەرچاوەی تری ئابوریی لەدەرەوەی پشتبەستن بە ڕیکلام.

ج. تێگەیشتن لە ڕادەی زانین و درککردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە پرۆسەی ڕیکلامی بازرگانی لە تۆڕی فەیسبوک و تایبەتمەندییەکانی.

د. زانینی کاریگەریی ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوکدا لەسەر ڕێژە، نرخ، داهاتی ڕیکلام لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

ه. زانینی ڕادەی گرتنەبەری ڕێکاریی هەمەجۆر لەلایەن کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کاریگەرییانەی کە دەشێت، بەهۆی ڕیکلامی بازرگانییەوە لەفەیسبوکدا، بۆ سەر ئابوریی کەناڵەکانیان دروست ببێت.

### ١-٣: گرنگیی توێژینەوەکە:

أ. **لەڕوی زانستییەوە:** دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی زانستی بە زمانی کوردی و سەرچاوەیەکی تری زانستی بۆ توێژەران و خوێندکاران، هاوکات کەسانی ئەکادیمی لە دەستنیشانکردنی توێژینەوەکانی پێشو بۆ توێژینەوە هاوشێوەکانیان.

ب. **لەڕوی کردارییەوە:** دەبێتە هۆی کارکردنی کەناڵەکان لەسەر خاڵە لاوازو بەهێزەکانی ئابوریی کەناڵەکانیان. بۆ ئەکایمیانیش دەبێتە توێژەرێکی هاندەر بۆ ئەوەی لە کاریگەریی فەیسبوک بکۆڵنەوە لەسەر سەرچاوەکانی تری ئابوریی ڕاگەیاندن لەئامرازە جیاوازەکاندا.

### ١-٤: جۆرو ڕێبازی توێژینەوەکە:

أ. **جۆری توێژینەوەکە:** توێژینەوەیەکی وەسفییە، ئەم جۆرە، کۆمەڵە داتایەکی گرنگ دەستەبەر دەکات، بەتایبەتی کاتێک کە توێژینەوەکە بۆ یەکەمجار لەبوارێکی دیاریکراودا بەڕێوەدەچێت. (الحمداني وآخرون،٢٠٠٦، ١٠٩).

ب. **ڕێبازی توێژینەوەکە:** ڕێبازی ڕوپێوی-یە، توێژەر بەهۆیەوە ڕوپێوی ڕای جەماوەرێکی تایبەتی کردوە کە میدیاکارانی پەیوەندیدارن بە بواری ئابوریی ئەو کەناڵە ئاسمانییە کوردییانەی کە جێی ئەم توێژینەوەیەن.

### ١-٥: بوارەکانی توێژینەوەکە:

**بواری مرۆیی**: بریتییە لە بەڕێوەبەرو کارمەندانی پەیوەندیدار بە بواری ئابوریی ئەو کەناڵە ئاسمانییانەی هەرێمی کوردستان کە مشتەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

أ. **بواری بابەت**: لەبارەی فەیسبوکە لە پرسی ڕیکلامی بازرگانیداو کاریگەریی ئەم ئەرکەی فەیسبوک لەسەر ئابوریی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەڕوی داهاتی ڕیکلامەوە.

ب. **بواری کات**: لەئەیلولی ٢٠٢١ تا تشرینی دوەمی ٢٠٢٢ە کە ماوەی جێبەجێکردنی لایەنی مەیدانی توێژنەوەکەیە.

ج. **بواری شوێن**: کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەگرێتەوە کە شوێنی سەرەکییان لە سنوری جوگرافیی هەرێمی کوردستانە.

### ١-٦: کۆمەڵگەو مشتەی توێژینەوەکە:

أ. **کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**: بریتییە لە میدیاکارانی پەیوەندیداری بواری ئابوریی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

ب. **مشتەی توێژینەوەکە**: لەبەرئەوەی ژمارەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان زۆرن و لە (٣٠) کەناڵی ئاسمانی زیاترن (وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٢٢)، ئەوا توێژەر، مشتەی توێژینەوەکەی تایبەت کردوە بە میدیاکارانی پەیوەندیدار بە بواری ئابوریی لە تەنها (٧) حەوت کەناڵدا کە ئەوانیش کەناڵە ئاسمانییەکانی هەواڵ و سیاسەتن و بریتین لە هەریەکە لە: گەلی کوردستان، NRT، ڕوداو، کوردسات نیوز، کوردستان 24، KNN، پەیام.

### ١-٧: ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

أ) **فۆرمی ڕاپرسی**: لەسەر بنەمای ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوەکە، توێژەر فۆرمێکی ڕاپرسیی بە شێوازی Seal Question واتە پێدانی کۆمەڵێک جێگرەوە(بدائل)، یان وەڵامی چاوەڕوانکراو، گەڵاڵە کردوەو، لەو تەوەرەی فۆرمەکە کە تایبەتە بە کاریگەرییەکانی بەبازاڕکردنی بازرگانی لەفەیسبوک، توێژەر کاری لەسەر پێوەری بەراوردکاریی ڕیزبەندی لیکارت Likert scale ی جۆری پێنجی کردوە هەروەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**خشتەی (١): هێزی برگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە دەخاتەڕو:**

| پلەی هاوڕایی | بەتەواوی لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | بێلایەنم | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدا نیم |
|---|---|---|---|---|---|
| بەهای پێوەر | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |

ناوەڕۆکی فۆرمەکە کە (٤٤)برگەو پرسیاری تیایە، لە سێ تەوەر پێکدێت کە دو تەوەریان تایبەتە بە داتاکانی گۆڕاوی کەسی/دیموگرافی و، تەوەری دوەمیان تایبەتە بە گۆڕاوی ئابوری کەناڵەکان و، تەوەری سێیەمیش تایبەتە بە کاریگەرییە مەعریفی و ویژدانی و ڕەفتارییەکان.

**ب) چاوپێکەوتن:** بۆ بەدەســتهێنانی زانیاریی تری پێویســت، توێژەر پشــتی بە ئامرازی چاوپێکەوتن بەســتوە، بەدیاریکراویش چاوپێکەوتنی کەسی لەجۆری ئازادو ئاراستەنەکراوUnstructured Interview کە پێویستی بەدارشتنی پێشوەختەو دانانی پرسیاری زۆرو زنجیرەیی نییە.(نجم، ٢٠١٥، ٣١٤). ئەم ئامرازە بەکارهاتوە بۆ بەدەســــتهێنانی هەندێ زانیاریی پێویســـت و وەرگرتنی بیروڕای بەڕێوەبەری هەندێ لەکەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان لەبارەی بابەتی توێژینەوەکەوە.

### ١-٨: ڕاستی ڕواڵەتی (الصدق الظاهري):

بۆ ئەنجامدانی ڕاستێتی بۆ فۆرمی ڕاپرسیی توێژینەوەکەی، توێژەر ئیشی بە جۆری ڕاستی ڕواڵەتی کردوە، بەوەش فۆرمەکەی لەلایەن دەستەیەکی ئەکادیمییەوە هەڵسەنگێندراوە کە پێکهاتون لە(١٣) پســــــــپۆڕ و[i] بەتێبینییەکانیان گۆڕانکاریی پێویســـت لەفۆرمەکەدا ئەنجامدراوەو لەڕوی ئامارییەوە ڕادەی دروســـتییەکە دەرهێنراوە کە ڕێژەکەی گەیشتۆتە (٨٩.٦٨٪)، ئەمەش لە باری زانستییەوە، ڕێژەیەکی قبوڵکراوە.

### ١-٩: جێگیریی:

بۆ جێگیریی فۆرمی ڕاپرســـی، توێژەر جێگیریی ناوخۆیی بەکارهێناوە بۆ داتاکانی توێژینەوەکە، ئەوەش بە بەکارهێنانی هاوکێشـەی ئاماری ئەلفاکرۆنباخ بۆ پرسـیارەکانی فۆرمی ڕاپرسـی کە لەم خشـتەیەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە:

**خشەی ژمارە (٢): تاقیکردنەوەی ئەلفاکرۆنباخ بۆ دۆزینەوەی جێگریی برگەکانی ناو فۆرمی ڕاپرسی**

| ژمارەی مشتە | | ژمارەی برگەکان | پێوانەی جێگیریی توێژینەوە |
|---|---|---|---|
| ٧٠ | | ٤٤ | ٠,٩٩٠ |

لە خشـــتەکەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی جێگیری توێژینەوە بۆ پرســـیارو برگەکانی فۆرمی ڕاپرســـی بریتییە لە(٠,٩٩٠)، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ پلەی بەرزیی پێوانەی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە.

### ١-١٠: هاوکێشە ئاماری و بیرکارییە بەکارهاتوەکانی توێژینەوەکە:

توێژەر پشـتی بەسـتوە بە کەسـی شـارەزا لەبواری پرۆگرامی ئاماری(SPSS) و لەڕێگەیەوە دیزاینی فۆرمی ڕاپرســـییەکە کراوە، ئەوەش بەپێی تەواوی تەوەرو برگەو پرســـیارەکان، دواتر داتاکان بەشـــێوەی ئەلیکترۆنی جیاکراونەتەوە(فرز البيانات)، ئەوەش پشـــتبەســـت بەئاماری وەســـفی بەشـــێوازی(Non-Parametric Data) شــــیکردنەوە بۆ تێکڕای داتاکان کراوە، بەبەکارهێنانی ئامرازی ئاماری و بیرکاری جۆراوجۆر، وەک: دوبارەو ڕێژەی ســـەدی، ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری، هاوکێشـــەی هۆلیســـتی Holisti بۆ ژماردنی هاوکێشـــەی ڕێککەوتن لەنێوان دەستەی پسپۆری هەڵسەنگێنەری فۆرمی ڕاپرسی و دەرهێنانی ڕاستیی ڕواڵەتی فۆرمەکە، هاوکێشەی ئاماریی ئەلفاکرۆنباخ بۆ دۆزینەوەی جێگیریی برگەکانی ناو فۆرمی ڕاپرسی.

### ١-١١: توێژینەوەکانی پێشو:

لێرەدا توێژەر چەند توێژینەوەیەک دەخاتەڕو کە پێشـتر لەلایەن کۆمەڵێک توێژەری دیکەوە لەکوردســـتان و عێراق و لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و جیهان ئەنجامدراون.

**أ) توێژینەوەی کوردســـــتانی: توێژینەوەی ئەحمەد، (٢٠٢١ز)، أحمد، نەوشـــیروان فرج، (ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بازارگەری بۆ زیادکردنی فرۆشی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن)، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی.**

کێشـــەی ئەم توێژینەوەیە پرســـی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە لەبواری بەبازارکردندا. ئامانجەکەی ئەوەیە بزانێت کە کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن لەهەرێمی کوردســـتاندا لەرێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە تاچەند توانیویانە ڕێژەی فرۆشـــی خزمەتگوزارییەکانیان زیاد بکەن؟. مشـــتەی توێژینەوەکە تایبەتکراوە بە هەردو کۆمپانیای ئاسیاسێل و کۆرەک تیلیکۆم. توێژینەوەکەشی لەجۆری وەسفییەو میتۆدەکەشی ڕوپێوییە. هەرچی ئامرازەکانی توێژینەوەیە، ئەوا بریتییە لەفۆرمی ڕاپرســـی و دابەشـــکراوە بەســـەر کارمەندانی پەیوەندیدار بە بەبازارکردن لەهەردو کۆمپانیاکەدا کە ژمارەیان ٩٦ کارمەندە.

دیارترین ئەو دەرەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتوە، ئەمانەن:

- لەچەندین لایەنەوە کۆمپانیاکانی(ئاســـیاســـێل و کۆرەک تیلیکۆم) پشـــتیان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ بەبازارکردن بەستوە.
- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان لە زیادکردنی فرۆشی کۆمپانیاکانی (ئاسیاسێل و کۆرەک تیلیکۆم)دا هەبوە.
- هەردو کۆمپانیای(ئاســـیاســـێل و کۆرەک تیلیکۆم) بۆ مەبەســـتی بەبازارکردنیان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگرنگتر دەزانن لەئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن، لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشـــدا فەیســـبوک لای هەردو کۆمپانیاکە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لەکرداری بەبازارکردنیاندا، دواتریش ئینستاگرام دێت.
- بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەمو کۆمپانیا مامناوەند و گەورە و بچوکەکان توانای پیادەکردنی بەبازارکردنیان هەن.

**ب) توێژینەوەی عێراقی: توێژینەوەی زین الدین، (٢٠١٨ز)-زین الدین، محمد جیاد، (إتجاهات الشباب الجامعي نحو إعلانات شركات الهاتف المحمول في مواقع التواصل الاجتماعي- الفيس بوك إنموذجا)، جامعة بغداد، بغداد.**

کێشـەی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە(دیاریکردنی ئاراستەکانی گەنجانی زانکۆ لە ئاست ڕیکلامی کۆمپانیاکانی مۆبایل لەتۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسـبوکدا). ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە کە جۆری ئەو ڕیکلامانە دەسـتنیشـان بکات کە ئەو کۆمپانیایانە لە فەیســـبوکدا پێشـــکەشـــیان دەکەن. ئەم توێژینەوە لە توێژینەوە وەســـفییەکانەو میتۆدەکەشـــی ڕوپێوییە، کۆمەڵی توێژینەوەکە خوێندکارانی کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی ئەلعێراقییەی لەخۆگرتوە، توێژەر شێوازی قەتیسکردنی گشتگیر(الحصر الشامل) بەکارهێناوەو (٣٣٤) بەرتوێژی هەڵبژاردوە کە فەیســـبوک بەکاردەهێنن و ئاگایان لە ڕیکلامی بەرهەمەکانی کۆمپانیاکانی مۆبایل و خزمەتگوزارییەکانیتی. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریشی، فۆرمی ڕاپرسییە.

دیارترین ئەو دەرەنجامانەی کە لەم توێژینەوەیەدا هاتوە، بریتین لە:

- تەواوی بەرتوێژان تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەکار دەهێنن.

- هۆکاری سەرەکیی ئەوەی کە بەرتوێژان ڕیکلامیان لە فەیسبوکدا پێباشە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەتوانن لەو پێگانەوە کالاو بەرهەمەکان بکڕن.
- ژمارەیەکی زۆری بەرتوێژان کە ڕێژەکەی دەگاتە(٨٤.١٣٪)، ئەو ڕیکلامانەیان لە فەیسبوکی کۆمپانیاکاندا پێ باشە کە ڕونکردنەوەی زۆریان تیایە سەبارەت بەچۆنیەتی بەکارهێنانی کالاو خزمەتگوزارییەکان.
- ئاراستەیەکی ئەرێنی لای بەرتوێژان هەیە سەبارەت بە ڕیکلام لەفەیسبوکدا، ئەمەش وا دەکات ئەم جۆرەی ڕیکلام ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕازیکردنیاندا بگێڕێت بە کڕینی ئەو کالاو خزمەتگوزارییانەی کە ڕیکلامیان بۆ دەکرێت.

**ج) <u>توێژنەوەی عەرەبی:</u> توێژینەوەی (النوادرية و هاوڕێکانی، ٢٠١٩م)- نوادرية ، كلثوم- وآخرون،(أثر الإعلام الرقمي على إقتصاديات القنوات الفضائية العربية- قناة نسمة والشروق TV نموذجا)، رِسالە ماجستير، جامعة ٨ ماي ٤٥-قالمة، الجزائر.**

کێشەی توێژینەوەکەیان ئەوەیە کە بتوانن ئاسەواری میدیای دیجیتاڵی لەسەر ئابوریی کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان بزانن. ئامانجی توێژینەوەکەیان لە ١١ خاڵدا خۆی دەبینێتەوە، دیارترینیان هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان میدیای دیجیتاڵی و ئابوریی کەناڵە ئاسمانییەکان، هاوکات زانینی ئاسەوارەکانی وەرچەرخانە دیجیتاڵییەکان لە گەورەکردنی سودە ئابورییەکان و بەدیهێنانی قازانج بۆ دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن.

ڕێبازی توێژینەوەکەی(النوادرية و هاوڕێکانی) بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە کەیس، ئامرازەکانی توێژەکەشیان چاوپێکەوتن و سەرنجدان/تێبینیکردنن. هەرچی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیانە، ئەوا کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکانەو هەردو کەناڵی(نسمة) و(الشروق TV)یان بە نمونە وەرگرتوە. مشتەی توێژینەوەکەش بریتییە لەجۆری سامپڵی مەبەستدار(العينة القصدية). پاشانیش نزیککاری تیۆریی توێژینەوەکەیان خستۆتەڕو پشتیان بە تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆژیی مارشاڵ ماکلۆهان بەستوە، ئەوەشیان ڕونکردۆتەوە کە گریمانەکانی ئەم تیۆرە چین، دوای ئەوەی ڕەهەندەکانی تیۆرەکەیان شیکردۆتەوەو ئارگیۆمێنتیشیان بۆ پەیوەندیی نێوان لایەنی تیۆری توێژینەوەکەو بابەتی توێژینەوەکە پێشکەشکردوە. توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە گەیشتونەتە ئەم ئەنجامانە:-

- تەکنەلۆژیای میدیای دیجیتاڵی کاریگەریی لەسەر ئابوریی کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان دروستکردوە، کاریگەرییەکەش ئەرێنی Positive بوە، بەتایبەتی لە باشکردنی داهاتیان بەهۆی ڕەواجدان بەو ڕیکلامانەی یان ئەو بابەتە میدیاییانەی کە بەهۆی ئەنتەرنێت و ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵییەوە ئاراستەی کۆمەڵگەیەکی جەماوەری دەکرێن بە مەبەستی گرەنتی کردنی گەیشتنیان بە ژمارەیەکی زۆرتر لە وەرگرو پشتگیریکردنی توانای کێبەرکێی میدیایی.

- بۆ گرەنتیکردنی مانەوەیان و ڕۆیشـــتن لەگەڵ ئەو وەرچەرخانە دیجیتاڵییانەی کە لە تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندندا دروست بوە، کەناڵە ئاسمانییەکان پشت بە ستراتیژی ئابوریی دەبەستن، ئەوەش بەهۆی سودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن و ئەنتەرنێت.
- وەرچەرخانە تەکەنەلۆژی و پیشەییەکانی میدیای دیجیتاڵی، بە شێوەیەکی ئەرێنی و کارا، کاریگەرییان لەسەر چارەنوسی ئابوریی کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان دەبێت، ئەوەش دەبێتە هۆی زیادکردنی داهاتیان.

**د) توێژینەوەی بیانی: توێژینەوەی** Aderemi**،(٢٠١٥)- ئادریمی، ئادیکناڵ ئەدێنی،(کاریگەری فەیســبوک وەک میدیای ڕیکلام لە نێوان خوێندکارانی زانکۆ)، ماستەرنامە، زانکۆی** Near East University**، باکوری قوبرس.**

کێشـــەی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە فەیســبوک وەک ئامرازێک بۆ ڕیکلامکردن. پرســیاری ســەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە، فەیســبوک تا چەند کاریگەرە وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندن بۆ ڕیکلامکردن لای خوێندکاری هەمەچەشنی کۆلێژی ئابوری و زانستە کارگێڕییەکان لە زانکۆی Near East University لە باکوری قوبرس. ئامانجی توێژینەوەکە شیکردنەوەو دەستنیشانکردنی کاریگەرێتییەکانی ڕیکلامی فەیسبوکە، هاوکات زانینی ئەوەی تاچەند ڕیکلامی فەیسبوک کاریگەرە لەڕوی بەڕێوەبردنی پەیوەندی کڕیارو سەرقاڵکردنی کڕیاران و بەرزکردنەوەی ناوبانگیی براندەکان و، بنیاتنانی تایبەتمەندییەکانی براندو، ڕاگەیاندنی بەرهەمی نوێ و، هەروەها لەناو خوێندکارانی زانکۆدا چەند بە گرنگ ئەزانرێت بۆ بازاڕکردن. توێژینەوەکە لەجۆری وەسفییەو لێکۆڵینەوەیە لەکەیس، سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لەو خوێندکارانەی زانکۆی ناوبراو کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو پەیوەندییان گرتوە لەگەڵ ڕیکلامەکانی فەیسبوکدا، بەتایبەتی لەڕێگەی مۆبایل و کۆمپیوتەرەکانیانەوە. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لەتوێژینەوەکەدا فۆرمی ڕاپرسییە کە بەسەر(٢٥٠) خوێندکاری کۆلێژی ناوبراودا، دابەشکراوە.

گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتوە، ئەمانەن:

– پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان کاریگەریی ڕیکلامی فەیسبوک و سودەکانیدا هەیە.

– فەیسبوک یارمەتیدەرە لە وەسفکردن و بانگەشەکردن بۆ بەرهەمە نوێیەکان بە شێوەیەک کە وێنەی هێما بازرگانییەکان لە کۆی کولتور و بازاڕەکاندا دروست دەکات یان برەو بە وێنەو نێوبانگیان دەدات.

– زۆر گرنگە کە بازرگانەکان لە فەیسبوک و ستراتیژییەکانی پشت بەکارهێنانی ڕیکلامی سۆشیال میدیا بۆ گەشەپێدانی کارەکانیان تێبگەن، بە تایبەتی ئەوانەی کە خوێندکارانی زانکۆ دەکەنە ئامانج.

**١-١٢: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشو:**

ئەو توێژینەوانەی خرانەڕو کە بریتیبون لە (٤) توێژینەوە، لەسەر بنەمای نزیکی جوگرافییەوە پۆلێنکراون، بۆیە ناونراون توێژینەوەی کوردستانی، عێراقی، عەرەبی، بیانی.

توێژەر ســـودی لەلایەنی تیۆرینامەی ئەو توێژینەوانە وەرگرتوە. بەگشـــتییش، توێژینەوەكان یان ئەوەتا لە ڕوی كێشـــەی توێژینەوەوە، یان گۆڕاوێكی كێشـــەی ئەم توێژینەوەیە، یان لە ڕوی هەندێ لایەنی تری میتۆدییەوە، یان دەرەنجامەوە، لەم توێژینەوەیەی بەردەستەوە نزیكن، ئەوەش بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**١-١٢-١: لە ڕوی كێشـــەی توێژینەوەوە:** ئەم توێژینەوەیە، نزیكە لە توێژینەوەكانی: (ئەحمەد، زین الدین، نەوادرییەو هاوڕێكانی، عەلی، Aderemi)ەوە، بەدیاریكراویش لە ڕوی گۆڕاوەكانی لەبابەت فەیســـبوك وەك ئامرازێكی بەبازاڕكردن، كاریگەریی دیجیتاڵ میدیا لەسەر ئابوریی ڕاگەیاندنەكان، لەو ڕوانەوە خاڵی هاوبەش هەن.

**١-١٢-٢: لەڕوی ڕێبازنامەوە:** چەند لایەنێك بە نمونە وەردەگرین:

١-١٢-٢-١: بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە توێژینەوەیەكی وەســـفی، ئەوا هاوشـــێوەی هەریەكە لەتوێژینەوەكانی(ئەحمەد، زین الدین، نەوادرییەو هاوڕێكانی، Aderemi)ەو لەگەڵیاندا یەكدەگرێتەوە.

١-١٢-٢-٢: لەڕوی ڕێبازەوە، كە ڕوپێویكردنی جەماوەرێكی تایبەتە، خاڵی هاوبەشـــی لەگەڵ توێژینەوەكانی(ئەحمەد، زین الدین، Aderemi)دا هەیە، جیاوازیشـــی هەیە لەگەڵ توێژینەوەی(نەوادرییەو هاوڕێكانی) كە لێكۆڵینەوەیە لەكەیس.

١-١٢-٢-٣: لەڕوی ئامرازی كۆكردنەوەی زانیارییەوە، كە بریتییە لە فۆرمی ڕاپرســـی و چاوپێكەوتن، هاوشێوەی توێژینەوەكانی(ئەحمەد، زین الدین، نەوادرییەو هاوڕێكانی، Aderemi)ەو خاڵی هاوبەشی لەگەڵیاندا هەیە.

١-١٢-٢-٤: لەڕوی بوارەكانی وەك بواری مرۆیی، كات-ەوە، خاڵی جیاوازیی لەگەڵ هەمو توێژینەوەكانی پێشـــودا هەیە، لەبواری شـــوێندا نزیكە لە هەردو توێژینەوەكەی (ئەحمەد و، زین الدین)ەوەو لە هەردو توێژینەوەی (نەوادریەو هاوڕێكانی و، Aderemi)ەوە دورو جیاوازە.

**١-١٢-٣: لەڕوی دەرەنجامەوە:** ئەم توێژینەوەیە لەڕوی گەیشـــتنەوە بە دەرەنجامی: كاریگەریی فەیســـبوك و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان وەك ئامرازی ڕیكلامكردن و بەبازاڕكردن، ڕۆڵی ڕیكلام بەگشـتی لە ڕەواجپێداندا، كاریگەریی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان و فەیســـبوك و تەكنەلۆژیای میدیای دیجیتاڵی بەگشـــتی لەســـەر ئابوریی كەناڵە ئاســـمانییەكان، پشـتبەســـتنی كۆمپانیا بازرگانییەكان بە فەیســـبوك بۆ ڕیكلامكردن) زۆر نزیكە لە دەرەنجامی توێژینەوەكانی هەریەكە لە(ئەحمەد، زین الدین، نەوادرییەو هاوڕێكانی، Aderemi).

### ١-١٣: زاراوەكانی توێژینەوەكە:

أ. **كاریگەری:** بریتییە لە دروســـتكردنی گۆڕانكاری و كاركردنە ســـەر بیركردنەوەو ڕەفتارو، خۆی لەو گۆڕانكارییانەدا دەبینێتەوە كە لە ئەنجامی بەركەوتن بە ئامرازە جیاجیاكانی ڕاگەیاندن دروســـت دەبن.(الفار،٢٠١٤، ٥٢). مەبەســـتی ڕێكاری لەبەكارهێنانی زاراوەكەش لەم توێژینەوەیەدا، ئەو كاریگەرییەیە ڕیكلامی بازرگانی لە فەیسبوكەوە لەسەر ئابوریی كەناڵە ئاسمانییەكانی هەرێمی كوردستان بەجێی بهێڵێت.

ب. **ڕیكلام:** چالاكییەكی هەردو بواری ڕاگەیاندن و بەبازاڕكردنە، "جۆرە بازرگانییەكەی بریتییە لەخســـتنەڕوی بەرهەمێك یان خزمەتگوزارییەك بۆ ئەوەی كڕیار ڕازیبكات و بیكڕێت، نا بازرگانییەكەشـی بێبەرامبەرەو وەك

پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و بیروباوەڕ(Ivanovic A. & Collin P H, 2003, 6). مەبەستە ڕێکارییەکەشی لەم توێژینەوەیەدا ئەو ڕیکلامانەیە کە لە فەیسبوکدا بڵاو دەکرێنەوەو ئەو ڕیکلامە بازرگانییەی کە لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا هەیە.

ج. **فەیسبوک**: تۆڕێکی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتییەو لە دەرکەوتەکانی ڕاگەیاندنی نوێیە. مەبەستی ڕێکاری بەکارهێنانیشی لەم توێژینەوەیەدا ئەو بوارەی فەیسبوکە کە کۆمپانیا بازرگانییەکان وەک هۆیەکی ڕیکلامی بازرگانی بەکاریدەهێنن.

د. **ئابوریی ڕاگەیاندن**: لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتیی کارکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەسەر دابینکردنی پێویستی و ئارەزوەکانی جەماوەری کۆمەڵگەی زانیاری و پێویستییەکانی ڕیکلامکاران و کۆمەڵگە بەگشتی، ئەوەش بەو سەرچاوەیەی کە لە بەردەستیاندا هەیە(عەبدوڵلا،٢٠٢١، ٨). مەبەستی ڕێکاریی بەکارهێنانیشی لەم توێژینەوەیەدا داهاتی ڕیکلامە وەک سەرچاوەیەکی ئابوریی لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

ه. **هەرێمی کوردستان**: لەسەر ئاستی عێراق سێ پارێزگایەو لەسەر ئاستی هەرێم چوار پارێزگا، کە ئەوانیش هەولێری پایتەخت، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە_ن، لەگەڵ ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەڕین و گەرمیان.

## بەشی دوەم، تیۆرینامە: کاریگەریی ڕیکلام لە فەیسبوک و ئابوریی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

لەم بەشەی توێژینەوەکەدا، توێژەر بەپوختی و بەسێ باس لەسەر لایەنی تیۆری توێژینەوەکە ڕادەوەستێت. باسی یەکەم تایبەتە بە کاریگەری و کاریگەریی ڕاگەیاندنەکان لەسەریەکتر، باسی دوەم، لەسەر ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوک و خزمەتگوزارییەکانی ئەم تۆڕەیە، باسی سێیەمیش تەرخانە بۆ ئابوریی ڕاگەیاندن و ئەزمونی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان.

### ٢-١، باسی یەکەم: کاریگەری و کاریگەریی ڕاگەیاندنەکان لەسەر یەکتر:

چەمکی کاریگەریی Impact/Effect بەمانای دروستکردنی گۆڕانکاری و کارکردنە سەر بیرکردنەوەو ڕەفتارە. لە پەیوەندیشدا بە بواری ڕاگەیاندنەوە، خۆی لەو گۆڕانکارییانەدا دەبینێتەوە کە لە ئەنجامی بەرکەوتن بە ئامرازە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن دروست دەبن. (الفار،٢٠١٤، ٥٢).

چەمکی کاریگەریی وەک بابەتێکی زانستە مرۆڤایەتییەکان، چەمکێکی وەستاو Static و نەگۆڕ نییە، وەکچۆن چەمکێکی ڕەهاو تاک ڕەهەند نییە. زانایان ئەوە بیر دەخەنەوە کە، هەوڵەکان بۆ توێژینەوەی زیاتر لەمەڕ کاریگەرییەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەردەوامن، هێشتا مێزگردو کونگرە زانستییەکان لەسەر ئەوەی ئایا کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن سودبەخشن یان زیان بەخش، بەهێزن یان لاواز، ڕاستەوخۆن یان ناڕاستەوخۆ، درێژەیان هەیە، بەتایبەتی کە وای دەبینن تاکەکانی کۆمەڵ لەوە زیاترن کە تەنها وەک بوکەڵەیەک Puppets بن و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن تەواو کۆنترۆڵیان بکەن.(مكاوي، ٢٠٠١، ٣٩١)

لەلایەکی ترەوە، دروستکردنی کاریگەری لەسەر ئامرازە جیاجیاکانی خودی بواری ڕاگەیاندن خۆیشی، بابەتێکی تری کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن پێکدەهێنێت، بەتایبەتی کاریگەریدانان لەسەر ئەرکە جیاجیاکانی

ڕاگەیاندن، وەک نمونەی ئەرکی هەواڵ، فێرکردن، ڕۆشنبیرکردن، شیکاری، بەزمەسات، ڕیکلام... هتد. هەر بۆیە لێرەدا بەچەند نمونەیەک کاریگەریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر یەکتر دەخەینەڕو:-

**٢-١-١: کاریگەریی ڕۆژنامە لەسەر ڕادیۆو تەلەفزیۆن**: ڕۆژنامە کاریگەریی خۆی لەسەر ئامرازە بیستراو و بینراوەکان دروست دەکات. کاریگەرییەکەش لە زۆر ئاستدایە، زۆرجار ڕۆژنامەکان دەبنە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری بۆ ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکان و ئیلهامبەخش بۆ ئەنجامدانی کاری بنکۆڵکاری و بەدواداچون لەسەر زۆر دۆسییەو کێشەو قەیران کە لە ڕۆژنامەکانەوە دەوروژێنرێن.

بۆ نمونە، لە ئەزمونی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز The New York Times دەتوانێت کارنامە Agenda بۆ ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن دابنێت.(نصر، ٢٠١٥، ١٩٠و١٩١).

ڕۆژنامە، کاریگەریی لەسەر ئەرکی ڕیکلامکردنیش لەئامرازەکانی تردا، هەیە. بەپێی یاسا، لە زۆر وڵاتدا، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، کۆمەڵێک مامەڵەی فەرمیی دەوڵەتی و ئەهلی هەن کە پێویستییان بە ڕیکلام/ئاگاداری هەیە، جۆری ڕیکلامەکە تەنها دەبێ لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەدا بڵاوببێتەوە نەک لە ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن.

زۆرجار بەهۆی کێبەرکێی دەستکاریکردنی نرخی ڕیکلامکردنەوە، ڕۆژنامەکان، کاریگەرییان لەسەر ڕاکێشانی بەشێک لەو ڕیکلامکارانە هەیە کە ڕیکلام لە ئامرازەکانی تری وەک ڕادیۆو تەلەفزیۆندا دەکەن، بەتایبەتی کاتێک ئەو ڕۆژنامەیە بەناوبانگ بێت و تیراژو خوێنەری زۆری هەبێت، چ جای لەو ڕۆژنامە ڕیکلامکارانە بن کە بێ بەرامبەر بڵاودەکرێنەوەو تەنها لەسەر داهاتی ڕیکلام دەژین، لەبابەت ڕۆژنامەی، بۆ نمونە،(الوسیط/Alwaseet) کە لە زۆر وڵاتی عەرەبیی وەک میسر، ئیمارات، عوممان، بەحرێن، قەتەردا دەردەچێت و لەژێر ناوی(الوسیلة)ش لە سعودیەو سوریاو تەنانەت لە فەرەنساش_دا هەیە. (سمیر، ٢٠١٤).

**٢-١-٢: کاریگەریی ڕادیۆ لەسەر ڕۆژنامە**: ڕادیۆ، لەگەڵ سەرهەڵدانیدا(١٩٠٦ز) و بە تێپەڕبونی کات، ڕێژەی بەرکەوتوی پەیامەکانی زیاتر بون لە ڕۆژنامە، بەتایبەت کە تێچوی کڕینی ئامێری ڕادیۆ بۆ وەرگر، لەهەمو سەردەمێکدا، لەکڕین و بەشداریکردن لە ڕۆژنامە کەمتر بوە. لەوەش زیاتر، ئەم ئامرازە هەستی بیستن دەدوێنێت و تەنها وەرگری تایبەت و دیاریکراو سودی لێ نابینێت وەک ئەوەی لە ئەزمونی ئامرازە چاپکراوەکاندا هەیە کە پتر وەرگری دەستبژێرو خوێندەواری هەیە. نمونە لێرەدا ئەزمونی ڕادیۆی BBC و مۆنتیکارلۆ MCDو دواتر هەموانە. پەخشی ڕادیۆ، بە سودوەرگرتن لە شەپۆلە کارۆموگناتیزییەکان و لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیدا، هەرزو گەیشتە زۆر ناوچەی دورەدەست لەکۆمەڵگاکاندا کە ڕۆژنامە نە دەیتوانی بە ئاسانی پێیان بگات، نە بە تیراژی زۆریش دەردەچو تا بۆیان درێژ ببێتەوە.

بۆیە لە ئەزمونی زۆر وڵاتدا، ڕادیۆکان کاریگەریی خۆیان داناو ڕۆژنامەکانیان ناچارکرد کە خزمەتگوزارییەکانیان زیاتر بکەن، تیراژیان بەرز بکەنەوە، یان ڕۆژنامەی لۆکاڵی لەناوچە جیاجیاکانی وڵاتدا دەربچوێنن، یان تۆڕی پەیامنێرانیان فراوان بکەن، لە ڕوی ناوەڕۆکیشەوە، شوێنگۆڕکێ بە بەهاکانی هەواڵ بکەن، بایەخ بە ڕوداو و هەواڵی ناوچە دورە دەستەکانیش بدەن و بە میکانیزمی جیاجیا هەوڵی ڕاکێشانی ڕیکلامکارانیش بدەن بە لای خۆیاندا.

**٢-١-٣: کاریگەریی تەلەفزیۆن لەســــەر ڕادیۆو ڕۆژنامە**: هەر بە دەرکەوتنی لە ســــاڵی(١٩٣٦ز)داو لەگەڵ دەستپێکردنی پەخشی ئاسایی تەلەفزیۆنیدا کە بۆ یەکەمجار دەستەی ئێزگەی بەریتانی BBC بو لە بەریتانیا. کاریگەریی یەکجار گەورەی لەسەر هەردو ئامرازی چاپکراو و بیستراو دانا.

ڕوی کاریگەرییەکە، بە پلەی یەکەم، پەیوەســتە بە تایبەتمەندێتیی ئەم ئامرازە خۆیەوە کە هەســتەکانی بینین و بیستنیش دەدوێنێت، لەیەککاتدا دەق، دەنگ، ڕەنگ، وێنەی جوڵاو و گرافیک و هتد.. لەخۆ دەگرێت، بەوەش لە ڕوی پەیام و ڕوماڵی ڕوداو و سەرڕاستیی(مصداقیة) پرۆگرام و بەرهەکانییەوە، کاریگەریی زۆری بەجێهێشت و کەوتە پێش ئامرازە نەریتییەکانی تری ڕاگەیاندنەوە، بەتایبەتی لەگەڵ پەخشــــە زیندوەکانیدا Live کە وەرگری بردە ناو جەرگەی ڕوداوەکان، وای لێکردن بەچاوی خۆیان دیمەن و واقیعی ڕوداوەکان ببینن.

لەدیدی توێژەردا، ئەم تایبەتمەندییەی تەلەفزیۆن، هەم پەیامی کاریگەر کرد، هەم ڕێژەی وەرگری لە ئامرازەکانی تر بۆ خۆی زیاد کرد، هەم بوە ســــەرچاوەیەکی کاریگەری دروســــتکردنی ڕای گشــــتی، هەم کاریگەرتر ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی بەجێگەیاند، لەســــەرویانەوە ئەرکی هەواڵ کە تیایدا تەلەفزیۆن بەپێی زۆر توێژینەوە، ســەرچاوەیەکی کاریگەرە(جاســم، ٢٠٠٨، ٢٤٢)، هاوکات ئەرکی کاتبەســەر بردن Entertainment، ئەرکی ڕیکلام و ڕاکێشــــانی ڕیکلامکاران و کۆکردنەوەی داهاتێکی زۆریش کە ئەمڕۆ بۆتە بنەمایەکی ئابوریی بۆ زۆر کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاســمانی و وێســتگەی تەلەفزیۆنی زەمینییش Local TV Station، بەتایبەتی ئەم پەیوەندییە لە نێوان ڕیکلام و تەلەفزیۆندا هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی تەلەفزیۆنەوە سەریهەڵدا، بەدیاریکراویش لەڕێگەی کەناڵ تەلەفزیۆنییە ئەمریکییەکانەوە لە ســــاڵی(١٩٤١ز)و دواتر لە پاش جەنگی جیهانیی دوەم(١٩٣٩-١٩٤٥ز) لەوڵاتانی ئەوروپا.(الحديدي، ٢٠٠٥، ١١٥).

**٢-١-٤: کاریگەریی ڕاگەیاندنی نوێ لەســــەر ڕاگەیاندنی نەریتی:** ڕاگەیاندنی نوێ فرە نێوەندەو زانیارییەکان تیایدا ئاوێتەیەکن لە دەنگ و وێنەو ڤیدیۆ، ئەوەش وا دەکات کە زانیارییەکان کاریگەریی بەهێزتریان هەبێت، بەتایبەتی ئەو زانیارییانەی کە تێیدا بڵاودەکرێنەوە زانیاری ژمارەیی Digital ن و بەشــــێوەیەکی ئەلکترۆنی ئامادە دەکرێن و هەڵدەگیرێن و هەموار دەکرێن و دەگوێزرێنەوە(شيخاني، ٢٠١٠، ٤٤٣).

ئەم کاریگەرییە لە دنیای ڕیکلامکردندا بەرچاوترە، چونکە تایبەتمەندییەکانی ڕاگەیاندنی نوێ ئاســــانکاریی زۆریان بۆ ڕیکلامکاران و کۆمپانیا بازرگانییەکان کردوەو بونەتە جێی بایەخدانیان و هاندانیان بۆ ڕیکلامکردن لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دیاردەی بەبازاڕکردن بەگشتی لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە.

## ٢-٢، باسی دوەم:ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوک:

**٢-٢-١، فەیســــبوک و تایبەتمەندییەکانی**: بەپێی پێناســــەی فەرهەنگی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن، فەیســــبوک پێگەیەکی تایبەتە بە پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی کە بڵاوکردنەوەی لاپەڕەی تایبەت Profiles دەڕەخسێنێت، ئەم تۆڕە ئەگەرچی سەرەتا خرابوە خزمەتی خوێندکارانی زانکۆو دەستەی وانەبێژی و فەرمانبەرانەوە، بەڵام دواتر فراوان بو بۆ هەمو کەسێک.(بوغرارة، ٢٠١٥، ٣٣)

– فەیسبوک تۆڕێکی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتییە کە تەکنیکێک بەکاردەهێنێت پێی دەوترێت .Web.2 ئەم تۆڕە ئەوە بۆ بەکارهێنەرانی فەراهەم دەکات کە هاوڕێیەتی دروست بکەن و ئەوەی جێی بایەخپێدانیانە ئاڵوگۆڕی بکەن و بەشداری لە چالاکییە هەمەجۆرەکاندا بکەن، خزمەتگوزاریی گەڕان و پێکهێنانی هاوڕێیەتیشی ڕەخساندوە لەگەڵ گفتوگۆی دەستبەجێ و نامەی تایبەت و زۆر خزمەتگوزاریی تر.(سکیک، ٢٠١٤، ٦٦).

–پێناسەی توێژەریش بۆ تۆڕی فەیسبوک ئەوەیە کە، ئەم تۆڕە لە پڕ جەماوەریترین تۆڕەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتییە لەجیهاندا کە بە زیاتر لە (١٦٠) زمانی جیهان کارایە. ئەم تۆڕە، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لەوانە، بەبێ بەرامبەر دەتکاتە خاوەنی ژمارەیەک یان لاپەڕەیەکی تایبەتی خۆت و لەڕێگەیەوە دەتوانیت سودمەند بیت لەڕوی بڵاوکردنەوەی وێنە، ڤیدیۆ، بیروبۆچون، لایککردن، کۆمێنت نوسین، تاگکردن، پێڕاگەیاندن Notification، یاریکردنەکان Games، کورتە هەواڵNews Feed ، دیارییەکان Gifts، بازاڕ Market place، دروستکردنی لاپەڕەی تایبەت و هەر چالاکیی ڕۆژانەت بڵاوبکەیتەوە و گەرماوگەرم لەگەڵ هاوڕێکانتدا ئاڵوگۆڕیان پێ بکەیت و ژمارەی هاوڕێ زیاد بکەیت، هاوکات بە چالاکیی هاوڕێیانت و بەشدارانی تۆڕەکە ئاشنا بیت و سود لە هەمو بەکارهێنان Applicationsو تایبەتمەندی و تازەکردنەوەو Updates خزمەتگوزارییەکی تریش وەربگریت کە فەیسبوک بۆ بەکارهێنەرانی دابین کردون.

**٢-٢، ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوک**: دیاردەی ڕیکلامی بازرگانی لەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە جیا ناکرێتەوەو لە میکانیزمەکانی بەبازاڕکردنە و بەشێک لەپرۆسەی بەبازاڕکردنی ئەلکترۆنی کە پشت بە تەکنەلۆژیای نوێ دەبەستێت و خۆی دەبینێتەوە لە تۆڕی ئەنتەرنێت کە لەسەر ئاستی جیهانی بۆ هەموان فەراهەمە.(العديلي، ٢٠١٥، ٤١)، بەبازاڕکردنیش لە فەیسبوک هەمو ئەو ڕێگە جیاوازانە ئەگرێتەوە کە بەهۆیانەوە دەتوانرێت بازاڕ بۆ کارە بازرگانییەکان لەسەر ئەو تۆڕە بدۆزرێتەوە.(فريق التحرير، ٢٠٢٢).

ئەو ڕێگا جیاوازانەش کرۆکی پێکهاتەی بەبازاڕکردنن لە فەیسبوکداو بریتین لە:

<u>٢-٢-٣-١: ڕیکلامەکانی فەیسبوک</u>:پەیامێکی پارەدراوە لەلایەن کۆمپانیاکان یان کەسەکانەوەو پارمەتییان دەدات بۆ گەیشتن بەو کەسانەی کە زۆر بەلایانەوە گرنگن. چەندین جۆر ڕیکلامکردنیش لە خۆ دەگرێت کە دیارترینیان بریتین لە ڕیکلامی وێنەییImage ads، ڕیکلامی ڤیدیۆییVideo ads،ڕیکلامی بازنەیی Carousel Adsکە ١٠ جۆر وێنە یان ڤیدیۆ بۆ خستنەڕوی بەرهەمەکان بەکاردێنێت.(موقع تواصل فرم، ٢٠٢٢).

بەهۆی ڕیکلامەکانی فەیسبوکەوە، هەمو کەسێک دەتوانێت بە تێچویەکی زۆر کەم ڕیکلام بۆ کاڵاو بەرهەمەکانی بکات، بەتایبەتی کە فەیسبوک زانیاریی زۆری لەسەر بەکارهێنەرانی هەیە، ئەوەش وا دەکات کە بتوانرێت هەر دەستەیەک یان توێژێک لە خەڵک بکەیتە ئامانج جا گرنگی بەهەر شتێک بدەن، یان تەمەنیان هەرچەندێک بێت، یان ئەو شوێنانەی کە تیایدا نیشتەجێن و بە دیقەتێکی زۆر وردەوە. (نور، ٢٠٢١).

<u>٢-٢-٣-٢، لاپەڕەکانی کاری بازرگانی: (Facebook Pages)</u>: ئەم ڕێگایە بە واتای ئەوەیە کە هەر کارێکی بزنسی تایبەت بە خۆت هەبێت پێویستیت بەوەیە کە لاپەڕەیەکت هەبێت لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، ئەو لاپەڕەیە هێما بازرگانییەکەت Brand لەخۆ دەگرێت و هەر زانیارییەکیش کە لەلاپەڕەکەتدا دایدەنێیت

لەلایەن فەیسبوکەوە بەکاردەهێنرێت، چونکە ئەم تۆڕە جوڵەی گەڕانێکی گەورەی هەیە، بۆیە چەند زانیارییەکانت کە دایان دەنێیت وردبن، ئەوا فەیسبوکیش دەیانخاتە بەردەستی بەکارهێنەران کە بایەخ بە هەمان بوار دەدەن.

٢-٢-٣-٣، بازاڕگەی فەیسبوکFacebook Marketplace): ڕووبەرێکە لەفەیسبوک کە بەهۆیەوە ئەتوانیت بەرهەمەکانت بۆ فرۆشتن بخەیتەڕو، یان ئاگات لە بەرهەمەکانی خەڵکی تر بێت کە بۆ فرۆشتن نمایش کراون، واتە بریتییە لە ڕووبەرە بازاڕێک کە لە ڕێگەوە دەتوانیت بەرهەمەکان بکڕیت و بفرۆشیت. ئەم خزمەتگوزارییە کە بێ بەرامبەرە بۆ هەموان، یەکەمین جار لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٦دا فەراهەم بو، بەرهەمەکان لە بازاڕگەی فەیسبوکدا بەپێی پۆلینکردنی جوگرافی دەخرێنەڕو، واتە ئەو فرۆشیارەی کە لەسلێمانیدا دەژی بەرهەمەکانی ئەکەوێتە بەردەمی بەکارهێنەرانێکی فەیسبوک کە لەهەمان شاردا دەژین.(کمیل، ٢٠٢٢).

٢-٢-٣-٤، گروپەکانی فەیسبوک:(Facebook Groups) : گروپەکان لە فەیسبوکدا ڕێگەیەکی ترن لە چوارچێوەی بە ڕیکلامکردن و بەبازاڕکردن کە ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە، بەبێ بەرامبەر، ڕەخساندویێتی. هەمو بەکارهێنەرێکی فەیسبوک ڕۆژانە ڕێکەوتی دەیان و سەدان گروپ دەکات کە لە بواری چالاکیی جیاجیادا دروستکراون، بەتایبەتی لە بواری بازرگانیدا. لەم ڕووەوە کۆمپانیاکان بۆ بەبازاڕکردنی کاڵاو بەرهەمەکان دروستی دەکەن.

گروپەکانی فەیسبوک، کەرەستەیەکی سروشتیشن بۆ دامەزراندنی جۆرێکی نوێی پەیوەندی. یەک ملیار کەسیش بە کرداری پەیوەندییان پێوە کردون، فەیسبوک خۆی دەرفەتی ئەوە بە هەمو بەکارهێنەرێکی دەدات کە بتوانێت بەشداری بکات لە ٦٠٠٠ شەش هەزار گروپدا، ئەمەش بەمانای ئەوەیە کە چانسی بەشداریی بەکارهێنەران لەو گروپانەی کە کۆمپانیاو پرۆژە بازرگانییەکان دروستیان دەکەن بۆ بەبازاڕکردنی بازرگانی، چانسێکی کراوەو بەهێزە، بەتایبەتی گروپی گشتی.Public group

جگە لەوە، گروپەکان سیستەمێکی ژینگەیی بەهێز دەخوڵقێنێت کە ئەندامان تیایدا ڕایەڵەی گرنگ بۆ چالاکیی بازرگانییان دروست دەکەن، ئەو ڕایەڵانەش لە نێوان کڕیارو هاندەراندا لە هەر کاتێک زیاتر گرنگیی هەیە.(یوسف، ٢٠١٨).

بە گشتی، لەدیدی توێژەردا، ئەم پێکهاتەیە کە ڕێگا جیاجیاکانی بەبازاڕکردن و ڕیکلامی بازرگانین لە فەیسبوکدا، دەرفەتی بەرچاو دەڕەخسێنێت بۆ ڕیکلامکردن بۆ کاڵاو بەرهەم و خزمەتگوزاریەکانی هەر کارو پرۆژەیەکی بازرگانی و گەشەپێدانی و فراوانکردنی.

بۆ کۆمپانیاکانیش کە خاوەنی پرۆژەی بازرگانی گەورەن، بودجەیەکی کەمیان پێویست دەبێت بۆ ئەوەی بە خێراترین و کەمترین کات و کەمترین تێچونیش بگەنە زۆرترین بەکارهێنەرو هێما بازرگانییەکانیان بە بەکارهێنەران بناسێنن، جا چ لە ڕێگەی ڕیکلامەوە بێت بە ڕیکلامی پارەدراوSponsor و بێبەرامبەر، یان لاپەڕەی بازرگانی، یان بازاڕی فەیسبوک، یان ئەو گروپانەی کە لەم تۆڕەدا دروستیان دەکەیت.

### ٢-٣، باسی سێیەم، ئابوریی ڕاگەیاندن و ئەزمونی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان:

لەم باســـەدا، توێژەر تیشـــکدەخاتە ســـەر چەمکی ئابوریی ڕاگەیاندن، دواتر گرنگترین ئەو ســـەرچاوانە دەســـتنیشـــان دەکات کە دەبنە پێکهێنەری ئەو ئابورییە، لەبەر ڕۆشـــنایی ئەوەش لەســـەر ڕیکلام وەک سەرچاوەیەکی ئابوریی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان دەوەستێت.

**٢-٣-١: ئابوریی ڕاگەیاندن**: "ئابوریی ڕاگەیاندن پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە پیشـــەســـازییەکانی ڕاگەیاندن چۆن ســـەرچـاوە تەرخـان دەکەن بۆ دروســـتکردنی نـاوەڕۆکی زانیـاری و کـاتبەســـەربردن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بینەرو ڕێکلامکەران و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە". ( Alexander, and other,2004, 5.)

گەورە توێژەری ئەمریکی ڕۆبێرت پیکارد Robert G. Picard وا پێناســـەی دەکات کە" لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتیی کارکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەســـەر دابینکردنی پێویســـتی و ئارەزوەکانی جەماوەری کۆمەڵگەی زانیاری و پێویســـتییەکانی ڕیکلامکاران و پێویســـتییەکانی کۆمەڵگە بەگشـــتی، ئەوەش بەو ســـەرچاوەیەی کە لە بەردەســـتیاندا هەیە. (عەبدوڵڵا،٢٠٢١، ٨). لەڕوانگەیەکی ئابوریناســـیشـــەوە، ئابوریی ڕاگەیاندن بریتییە لە لقێک لە لقەکانی ئابوریی پراکتیکی کە لە بەرهەمهێنان و دابەشـــکردن و بەکاربردنی ناوەڕۆکەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکۆڵێتەوە. (اللحام والآخرون، ٢٠١٨، ٢٢٨). لەدیدی توێژەریشـــدا، ئابوریی ڕاگەیاندن هەمو ئەو ســـەرچاوە داراییانە دەگرێتەوە کە ڕاگەیاندنەکان لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی میدیاییەوە بۆ خۆیان دروســـتی دەکەن، یان لە ڕێگەی تری جیاوازەوە دەســـتیان دەکەوێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان.

بەپێی ئەو پێناســـانە بێت، ئابوریی ڕاگەیاندن، پســـپۆرییەکی لێکدراوی نێوان دو بوارە، ڕەگەزی هاوبەشـــی نێوان هەردو کایەی ئابوری و ڕاگەیاندنە. بۆ نمونە، پیکارد، بونی ئابوریی ڕاگەیاندن، گرێدەداتەوە بە شێوازی کارکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن خۆیانەوە، ئەو ئەرکانە بیردەخاتەوە کە تێکەڵەیەکن لە ئەرکی بابەتی و ئەرکی خودی، واتە ئەو سیاســەتە میدیاییانەی کە لەلایەک خزمەتێکیان بۆ گشــت هەیەو، لەلایەکی تریشــەوە توانای چارەســـەرکردنی پێویســـتییەکانی ئەو دەزگاو شـــوێنە تایبەتی و گشـــتییانەیان هەیە کە دەیانەوێت لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ڕەواج بە بیروباوەڕ، یان کاڵا، یان بەرهەمەکانیان، بدەن.

**٢-٣-٢، ســـەرچاوەکانی داهات و دارایی ڕاگەیاندنەکان**: ئابوریی ڕاگەیاندن، زیاتر لە ســـەرچاوەیەکی هەیە کە دەبێتە هۆی دەســـکەوتنی داهات و بنیادنانی لایەنی دارایی. ئەو ســـەرچاوانەش بەشـــێوەی جیاجیا ڕیزبەند دەکرێن، چونکە ئەزمونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، لەم بارەیەوە، چونیەک نییە و جیاوازیی ڕێژەییان لەنێواندا هەیە.

دیاترین ئەو سەرچاوانەی کە ئابوریی ڕاگەیاندن پێکدەهێنن، بریتین لە: ڕیکلامکردن، هاوبەشیی جەماوەرو فرۆشی ڕاستەوخۆ، مۆدێلی پارەدان بە ئایتیمێک لەلایەن جەماوەرەوە، فرۆشتنی بەرهەمی میدیایی، پشتگیریی ڕێکخراوە ناحکومیNGO و نێودەوڵەتییەکان، پشـــتگیریی حکومەت، پشـــتگیریی حزب، کورتەنامەو دەنگدانی جەماوەر، بەخشین، هەروەها هەندێجار داهاتی نادروست و بەرتیل-یش. (حسین، ٢٠٢٠، ١٣و١٤).

**٢-٣-٣: ڕیكلام وەک سـەرچاوەیەكی ئابوری:** بەپێی ئەو زانیارییانەی کە توێژەر لە ڕێگەی چەند چاوپێکەوتنێکی کەسییەوە دەستی کەوتوە، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیە کە بریتین لە (**گەلی کوردستان، NRT، ڕوداو، کوردسات نیوز،کوردستان 24، KNN، پەیام**) تاڕادەیەک، سودیان لە بەشێک لەو سەرچاوانەی داهات وەرگرتوە کە ئاماژەیان پێدراو ڕیكلام یەکێکە لە دیارترین سەرچاوە دارایی و ئابورییەکانیان.

ڕیکلام بەپێی هەندێ پێناسەی شارەزایان، باوترین سەرچاوەی داهاتە بۆ ڕاگەیاندنی نەریتی و ڕاگەیاندنی نوێ، وەک پرۆسەش زادەی گرێبەستی ڕەواجدانە بە کاڵاو بەرهەم، یان بیروباوەڕ و خزمەتگوزاریی کۆمپانیاکان، یان دەزگاو ڕێکخراوەکان لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، لەبەرامبەردا بەدەستهێنانی بڕێک پارە، بەتایبەتی کە بەشێک لە ڕاگەیاندنەکان تەنها بە فرۆشی بەرهەمە میدیاییەکانیان ناتوانن داهاتی پێویست بەدەست بهێنن، لەبەر ئەوە ڕیکلام ئەو کورتهێنانەیان لەداهاتدا بۆ پڕ دەکاتەوە.(حسین، ٢٠٢٠، ١٠).

٢-٣-٤، **ڕیكلام و ئەزمونی كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان:** لە پەیوەندیدا بە ڕیکلامەوە وەک سەرچاوەیەکی دارایی و داهات، کەناڵە ئاسمانییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیە، ئەزمونی تایبەت و هاوبەشیشیان لەگەڵ دۆخی ئابوریی کەناڵەکانیاندا هەیە. بۆ نمونە، کەناڵێکی وەک ڕوداو، بەهۆی پڕبینەری و کاریگەرییەکانی، ڕێکلامی بازرگانی زۆری بۆ دێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەربڵاوبونی ڕیکلام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەربەرەکانییەکانی گەورەیە لەقەڵەم دەدرێت لەبەردەم دەزگاکانی ڕاگەیاندندا لە هەمو جیهان.(محەمەد، ٢٠٢٢).

لە کەناڵی ئاسمانیی(گەلی کوردستان)دا، ڕیکلام تا ئاستێکی باش بونی هەیەو وەک سەرچاوەیەکی داهات سودی لێ وەردەگیرێت، بەڵام چەندین کێشە بەدی دەکرێن کە بە هۆکاری کەمبونەوەی ڕیکلام لە کەناڵەکەدا دادەنرێن، یەکێک لەو کێشانە ئەوەیە کە قەیرانە داراییەکان لە هەرێمی کوردستاندا وایانکردوە ئەو بوجەیەی کە کۆمپانیا بازرگانییەکان بۆ ڕیکلامکردنیان تەرخان کردوە کەم ببێتەوە. (عەلی، ٢٠٢٢). ئەزمونی ڕیکلامکردن لە کەناڵی ئاسمانیی (کوردستان ٢٤) بەهەمان شێوە بە پێی خواستی دامەزراوەکە نییە، بەهۆی ئەوەی تا ئێستا زۆربەی کۆمپانیاکان وەک پێویست پەنا نابەنەبەر ڕیکلام و ساڵانە بودجەی دیاریکراوی بۆ تەرخان ناکەن. گرفتەکان تەنها بەهۆی کەمی ڕیکلامی بازرگانییەوەیە، بە تایبەت بەهۆی ئەوەی نرخی پەخشکردنی ڕیکلام لەو کەناڵەدا ستاندارد و دیاریکراوە، بۆیە زیاتر کۆمپانیا گەورەکان دەتوانن ڕیکلامیان لەلا بکەن، پرۆژە بازرگانییە بچوکەکان بەهۆی گرانیی نرخ، بە کەمی دەتوانن ڕیکلام بکەن. بۆچونی کەناڵەکە وایە کە هیچ کەناڵێکی ئاسمانی ناتوانێت بە داهاتی ڕیکلام بەڕێوەبچێت، بۆیە پێویستی بە پارەدارکردنی دەرەوەی دامەزراوەکە دەبێت.(کەریم، ٢٠٢٢).

لە ئەزمونی کەناڵی ئاسمانی(NRT)دا، ڕیکلام بایەخی زۆری پێدەدرێت و بەشێکی سەرەکیی سەرچاوەی داهات و ئابوریی کەناڵەکەیە، ئەو پارەدارکردنەی کە لەلایەن کۆمپانیای نالیاوە بۆی دابین دەکرێت پشکی شێری ئابوریی کەناڵەکە پێکدەهێنێت. کەناڵی NRT سەرچاوەی داهاتی تری نییە لەبابەت پشتگیریی حکومەت، یان ڕێکخراوەکانی NGO، داهاتی بڵاوکردنەوەی کورتەنامە. ئەم کەناڵە پێیوایە کەناڵی پرۆفیشناڵ، بەتایبەتی

کەناڵی هەواڵئامێز، ناتوانێت تەنها بە ڕیکلام بەڕێوەبچێت، چونکە ئەوکات کەس سەیری ناکات و لەسەر حسابی ناوەڕۆک دەبێت، دو کێشەی گەورەشیان ئەوەیە کە کۆمپانیاکانی سەربە هێزە فەرمانڕەواکانی هەرێمی کوردستان ڕیکلامیان لەلا ناکەن، بۆ کاریگەریی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش وای دەبینن کە کۆمپانیا نەناسراوەکان زیاتر پەنای بۆ دەبەن، دەنا کاری نەکردۆتە سەر کەمکردنەوەی ڕیکلامی کۆمپانیا گەورەکان لەکەناڵە ئاسمانییەکاندا.(ئیحسان، ٢٠٢٢).

بەگشتی، توێژەر لەم باسەدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە نە کایەی ئابوری و چالاکییە هەمە جۆرەکانی، بەبێ ڕاگەیاندن و ئەرکە ڕیکلامکارییەکانی، توانای گەیشتنی بە پانتاییەکی فراوان لە بەکاربەرانConsumers هەیە بە هەرێمی کوردستانیشەوە، نە کەناڵە ئاسمانییەکانیش، بەئەزمونی جیاوازیانەوە لە هەرێم، دەتوانن بەبێ کۆمپانیا بازرگانییەکان ببنە خاوەنی داهات و سەرچاوەیەک لەسەرچاوەکانی ئابوریی کەناڵەکانیان کە داهاتی ڕیکلامە. جگە لەوە، ئەزمونی کەناڵە ئاسمانییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە ڕیکلامکردن وەک سەرچاوەیەکی ئابوریی ڕاگەیاندن لەو کەناڵانە، ڕوبەڕوی زیاتر لەکێشەو گرفتێک بۆتەوە.

## بەشی سێیەم، لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە:

توێژەر، لەم بەشەدا لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە دەخاتەڕو و تایبەتمەندییەکانی دیموگرافیای مشتەی توێژینەوەکەو چەند لایەنێکی ئابوریی کەناڵە ئاسمانییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیە دەناسێنێت، لەم ڕووەوە بەهەندێ زانیاری و ئەنجامی دیاریکراو دەگات، بەدوایدا ئەنجامەکانی وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەرییە مەعریفی، ویژدانی/سۆزداری، ڕەفتاری-یەکانی ڕیکلامی بازرگانی لەسەر ئابوریی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیە، دەستنیشان دەکات .

### ٣-١، تایبەتمەندیی دیموگرافیی مشتەی توێژینەوەکە

**خشتەی (٣)، تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی مشتەی توێژینەوە:**

| تایبەتمەندی دیموگرافی | بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ٥٨ | ٨٢.٩ | ١ |
| | مێ | ١٢ | ١٧.١ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٧٠ | ١٠٠ | |
| تەمەن | لە ٢٠ بۆ ٢٩ ساڵ | ٦ | ٨.٦ | ٣ |
| | لە ٣٠ ساڵ بۆ ٣٩ ساڵ | ٣٧ | ٥٢.٨ | ١ |
| | لە ٤٠ ساڵ بۆ ٤٩ ساڵ | ٢١ | ٣٠ | ٢ |
| | لە ٥٠ ساڵ زیاتر | ٦ | ٨.٦ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٧٠ | ١٠٠ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بڕوانامە | ناوەندی | ٠ | ٠ | ٠ |
| | ئامادەیی | ٤ | ٥،٧ | ٤ |
| | دبلۆم | ١٦ | ٢٢،٩ | ٢ |
| | بکالۆریۆس | ٤٠ | ٥٧،١ | ١ |
| | خوێندنی باڵا | ١٠ | ١٤،٣ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٧٠ | ١٠٠ | |
| بواری پسپۆری | بەبازاڕکردن | ٣ | ٤،٣ | ٥ |
| | ڕاگەیاندن | ٢٨ | ٤٠ | ١ |
| | ئابوری | ١٥ | ٢١،٤ | ٢ |
| | بازرگانی | ٢ | ٢،٩ | ٦ |
| | کارگێڕی کار | ٨ | ١١،٤ | ٣ |
| | پەیوەندییە گشتییەکان | ٧ | ١٠ | ٤ |
| | بواری تر | ٧ | ١٠ | ٤ |
| | کۆی گشتی | ٧٠ | ١٠٠ | |
| بەرپرسیارێتی پەیوەندیدار بەئابوریی کەناڵ | بەڕێوەبەری کەناڵ | ٧ | ١٠ | ٣ |
| | بەرپرسی بەبازاڕکردن/ڕیکلام | ٤ | ٥،٧ | ٦ |
| | کارمەندی بەبازاڕکردن/ڕیکلام | ٥ | ٧،١ | ٥ |
| | بەرپرسی کارگێڕی | ٦ | ٨،٦ | ٤ |
| | کارمەندی کارگێڕی | ١٠ | ١٤،٣ | ٢ |
| | بەرپرسی دارایی | ٣ | ٤،٣ | ٧ |
| | کارمەندی دارایی | ٤ | ٥،٧ | ٦ |
| | بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکان | ٣ | ٤،٣ | ٧ |
| | کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان | ١٣ | ١٨،٦ | ١ |
| | بەرپرسی ژمێریاری | ٤ | ٥،٧ | ٦ |
| | کارمەندی ژمێریاری | ٦ | ٨،٦ | ٤ |
| | کارمەندی بواری تر | ٥ | ٧،١ | ٥ |
| | کۆی گشتی | ٧٠ | ١٠٠ | |
| ساڵانی کارکردن لەکەناڵ | ١ بۆ ٥ ساڵ | ١٨ | ٢٥،٧ | ٣ |
| | ٦ بۆ١٠ساڵ | ٢٢ | ٣١،٥ | ١ |
| | ١٠ بۆ ١٥ساڵ | ٢٠ | ٢٨،٦ | ٢ |
| | ١٦ بۆ ٢٠ ساڵ | ٥ | ٧،١ | ٤ |
| | زیاتر لە ٢٠ ساڵ | ٥ | ٧،١ | ٤ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | ٧٠ | ١٠٠ |

- بەپێی خشـتەی(٣) دەردەکەوێت کە تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی میدیاکارانی پەیوەندیدار بە ئابوریی کەناڵە ئاســمانییەکانی جێی توێژینەوەکە، بەپلەی یەک، لە ڕەگەز -دا(نێر) و، لەتەمەندا (لە ٣٠ ســاڵ بۆ ٣٩ ســاڵ) و، لەبڕوانامە -دا(بەکالۆریۆس) و لەبواری پســـپۆڕیدا(ڕاگەیاندن) و لەبەرپرســـیاریێتی پەیوەندیدار بەئابوریی کەناڵەوە(کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان) و لە ساڵانی کارکردن لەکەناڵدا(٦ بۆ١٠ساڵ)دا، خۆیان دەبیننەوە.

## ٣-٢، داتاکانی تایبەت بە چەند لایەنێکی ئابوریی کەناڵەکانی جێی توێژینەوەکە:

### ٣-٢-١: پشتبەستنی ئابوریی کەناڵ بەداهاتی ڕیکلام:

**خشتەی (٤): تایبەت بە لایەنی پشتبەستنی ئابوریی کەناڵ بەداهاتی ڕیکلام:**

| بڕگەکان/ڕێژەی پشت بەستن | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| ٠% | ٥ | ٧،١ | ٣ |
| ٠ بۆ ٢٥% | ٥٠ | ٧١،٤ | ١ |
| ٢٥ بۆ ٥٠% | ٩ | ١٢،٩ | ٢ |
| ٥٠ بۆ ٧٥% | ٤ | ٥،٧ | ٤ |
| ٧٥ بۆ ١٠٠% | ٢ | ٢،٩ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٧٠ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشـــتەی(٤) دەردەکەوێت کە زۆرینەی میدیاکاران پێیانوایە ئابوریی کەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیە، بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی(٠ بۆ ٢٥%) پشت بەداهاتی ڕیکلام دەبەستن.

### ٣-٢-٢، پشتبەستنی ئابوریی کەناڵ بەپارەدارکردنی لایەنی خاوەندار:

**خشتەی(٥): تایبەت بە لایەنی پشتبەستنی ئابوریی کەناڵ بەپارەدارکردنی لایەنی خاوەندار:**

| بڕگەکان/ڕێژەی پشت بەستن | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| ٠% | ١ | ١،٤ | ٥ |
| ١ بۆ ٢٥% | ٤ | ٥،٧ | ٤ |
| ٢٦ بۆ ٥٠% | ١١ | ١٥،٧ | ٣ |
| ٥١ بۆ ٧٥% | ٣٧ | ٥٢،٩ | ١ |
| ٧٦ بۆ ١٠٠% | ١٧ | ٢٤،٣ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٧٠ | ١٠٠ | |

بەپێی خشـــتەی(٥) دەردەکەوێت کە زۆرینەی میدیاکاران پێیانوایە کەناڵەکانیان، لەڕوی ئابوریی کەناڵەوە، بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی(٥١ بۆ ٧٥%) پشت بەپارەدارکردنی لایەنی خاوەنداری کەناڵ دەبەستن.

### ٣-٢-٣، ئەزمونی کەناڵ لە بواری ڕیکلامکردندا:

**خشتەی(٦): تایبەت بە لایەنی ساڵانی ئەزمونی کەناڵ لەبواری ڕیکلامکردندا:**

| بڕگەکان/ساڵانی ئەزمون | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ١ بۆ ٥ ساڵ | ١٢ | ١٧.٢ | ٣ |
| ٦ بۆ ١٠ ساڵ | ٢٧ | ٣٨.٦ | ١ |
| ١١ بۆ ١٥ ساڵ | ١٥ | ٢١.٤ | ٢ |
| ١٦ بۆ ٢٠ ساڵ | ٥ | ٧.١ | ٥ |
| زیاتر لە ٢٠ ساڵ | ١١ | ١٥.٧ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٧٠ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشـــــتەی(٥) دەردەکەوێت کە نزیکەی نیوەی میدیاکاران بە ڕێژەی(٣٨.٦٪) پێیانوایە کەناڵە ئاســـــمانییە کوردییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیە ئەزمونیان لەبواری ڕیکلامکردندا بەپلەی یەکەم لەنێوان(٦ بۆ ١٠ ســـــاڵ) دایە. ژمارەیەکی کەمی میدیاکانیش کە لە دوا ڕیزبەندیدایە بە ڕێژەی(٧.١٪) وای دەبینن کە ئەو ئەزمونە لە نێوان(١٦بۆ ٢٠) ســــاڵە. بەم ئەنجامە دەردەکەوێت کە ئەزمونی کەناڵەکان لەبواری ڕیکلامدا ئەزمونێکی دورودرێژ نییە، بۆیە لەدیدی توێژەردا ڕەنگدانەوەی لەســــەر باشـــکردنی ڕادەی پشـــتبەســـتنی کەناڵەکان بەڕیکلام دانەناوە وەک سەرچاوەیەکی بەهێزی ئابوریيان.

**٣-٣: ئەنجامەکانی وەڵامی میدیاکاران ســـەبارەت بە کاریگەرییە مەعریفی، ویژدانی/ســـۆزداری، ڕەفتاری-یەکانی بەبازاڕکردنی بازرگانی لەسەر ئابوریی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیە:**

**٣-٣-١: کاریگەرییە مەعریفییەکانی ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوک:**

**خشتەی(٧): تایبەت بە کاریگەرییە مەعریفییەکانی ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوکدا:**

| پلەی هاوڕایی و ڕێکاری ئاماری / بڕگەکانی کاریگەریی مەعریفی | تەواو لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدانیم | | هیچ لەگەڵیدانیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | | | |
| ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوک، ئەو بۆچونەی بۆ دروست کردوم کە پرۆسەیەکی سەرنج لێدراو و درک پێکراوە، واتە بۆتە دیاردە. | ٢٠ | ٢٨.٦ | ٤٦ | ٦٥.٧ | ٢ | ٢.٩ | ١ | ١.٤ | ١ | ١.٤ | ٤.١٩ | ٠.٦٨٧ | ٢ |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوک، ئەو باوەڕەی لادروست کردوم کەبەبەراورد بەقۆناغی سەرهەڵدانی، لەزیادبوندایە. | ٢١ | ٣٠ | ٤٣ | ٦١،٥ | ٤ | ٥،٧ | ١ | ١،٤ | ١ | ١،٤ | ٤،١٧ | ٠،٧٢٢ | ٣ |
| ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوک، زانیاریی ئەوەی پێ بەخشیوم کە ئامرازێکە لە ئامرازەکانی بەبازاڕکردن بۆ هەمو پرۆژەیەکی بازرگانیی گەورە تا بچوک. | ٢٧ | ٣٨،٥ | ٣٧ | ٥٢،٩ | ٣ | ٤،٣ | ٢ | ٢،٩ | ١ | ١،٤ | ٤،٢٤ | ٠،٧٨٨ | ١ |
| ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوک، ئەو پەیامەی پێ گەیاندوم کە ڕەگەزێکی ڕەواجپێدانی کاڵاو بەرهەمە لای کۆمپانیا بازرگانییەکان و پەنای بۆ دەبرێت. | ١٨ | ٢٥،٨ | ٤٦ | ٦٥،٧ | ٤ | ٥،٧ | ١ | ١،٤ | ١ | ١،٤ | ٤،١٣ | ٠،٧٠٠ | ٤ |
| ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوک، ئەو تێگەیشتنەی لا دروست کردوم کە جەماوەرێکی پۆزەتیڤی هەیە کە لە یەککاتدا وەرگرەو نێرەریش. | ١٧ | ٢٤،٣ | ٣٠ | ٤٢،٩ | ١٩ | ٢٧، ١ | ٣ | ٤،٣ | ١ | ١،٤ | ٣،٨٤ | ٠،٨٩٥ | ١٤ |
| ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوک، زانیاری ئەوەی پێ گەیاندوم کە هاوشێوەی کەناڵە ئاسمانییەکان، دەتوانێت فۆرمەکانی ناوەڕۆک وەک دەنگ، ڤیدیۆ، دەق، | ١٩ | ٢٧،٢ | ٣٤ | ٤٨،٦ | ١١ | ١٥، ٧ | ٥ | ٧،١ | ١ | ١،٤ | ٣،٩٣ | ٠،٩٢٢ | ٩ |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گرافیک، ئەنیمەیشن، فۆتۆ، GIF، لە پەیامە ڕیکلامییەکانیدا بەکاربهێنێت. | | | | | | | | | | | | | |
| ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوک، ئەوەی تێگەیاندوم کە ڕێگای بێ تێچو هەیە بۆ بەبازاڕکردنی کالاو بەرهەم لەکاتێکدا لەکەناڵە ئاسمانییەکاندا تێچوی خۆی هەیە. | ١٤ | ٢٠ | ٤٣ | ٦١،٤ | ٦ | ٨،٦ | ٥ | ٧،١ | ٢ | ٢،٩ | ٣،٨٩ | ٠،٩١٠ | ١٣ |
| ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوک، زانیاریی ئەوەی پێداوم کە ئەو ڕیکلامانەی بە بڕێک پارەدا بلاوی دەکاتەوە، تێچوی کەمترە لە تێچوی ڕیکلامکردن لە کەناڵە ئاسمانییەکان. | ٢٦ | ٣٧،١ | ٣٢ | ٤٥،٨ | ٧ | ١٠ | ٤ | ٥،٧ | ١ | ١،٤ | ٤،١١ | ٠،٩١٠ | ٥ |
| فەیسبوک، لەوە بەئاگای کردوم کە لەڕیکلامە پارەدراوەکانیدا دەتوانێت پێشوەخت قەبارەو ڕێژەو تەمەنی جەماوەر دەستنیشان بکات کە پەیامەکەی پێدەگەیەنێت لەکاتێکدا ئەم تایبەتمەندییە لەکەناڵەکاندا نییە. | ٢٠ | ٢٨،٦ | ٣١ | ٤٤،٣ | ١٤ | ٢٠ | ٤ | ٥،٧ | ١ | ١،٤ | ٣،٩٣ | ٠،٩٢٢ | ١٠ |
| ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوک، ئەو سەرنجەی بۆ دروستکردوم کە ڕیکلامە پارەدراوەکانی | ١٦ | ٢٢،٨ | ٤١ | ٥٨،٦ | ٩ | ١٢،٩ | ٣ | ٤،٣ | ١ | ١،٤ | ٣،٩٧ | ٠،٨١٦ | ٨ |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەگاتە ئەو جەماوەرە لە بەکارهێنەرانی فەیسبوک کە دەکرێنە ئامانج، لەکاتێکدا گەیشتنی پەیامە ڕیکلامییەکان بە بینەری کەناڵی ئاسمانی بەندە بە بینینیانەوە لەو کاتە دیاریکراوانەی کە بڵاودەکرێنەوە. | | | | | | | | | | | | | |
| دوبارەکردنەوەی پەیامە ڕیکلامییەکان و سەرلەنوێ بینینەوەیان لەژێر کۆنترۆڵی بەکارهێنەری فەیسبوکدایە، لەکاتێکدا لە کەناڵی ئاسمانیدا بەدەستی کەناڵەکەیەو دوبارەکردنەوەی پەیامەکەش بە پارەیە. | ١٨ | ٢٥،٧ | ٤٠ | ٥٧،١ | ٨ | ١١،٤ | ٢ | ٢،٩ | ٢ | ٢،٩ | ٤،٠٠ | ٠،٨٦٨ | ٧ |
| ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوک، بەو تایبەتمەندێتییە کارلێککارەی خۆی ئاشنای کردوم کە وەڵامی کۆمێنتەکانی بەکارهێنەری فەیسبوک دەداتەوەو زانیاریی زیاتری لەبارەی خزمەتگوزارییەکانەوە پێ دەدات، لەکاتێکدا کە کەناڵەکان ئەم تایبەتمەندێتییەیان نییە. | ٢٢ | ٣١،٤ | ٣٦ | ٥١،٤ | ٧ | ١٠ | ٣ | ٤،٣ | ٢ | ٢،٩ | ٤،٠٤ | ٠،٩٢٤ | ٦ |
| ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوک، زانیاری | ١١ | ١٥،٧ | ٣٢ | ٤٥،٧ | ١٩ | ٢٧،١ | ٦ | ٨،٦ | ٢ | ٢،٩ | ٣،٦٣ | ٠،٩٥١ | ١٥ |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەوەی پێداوم کە لەڕیکلامکردنی بێبەرامبەردا، بەهاکانی (ئازادی)ی بەکارهێنان و یەکسانیی نێوان بەکارهێنەرانی تۆڕەکە پارێزراون، لەکاتێکدا ئەو بەهایانە لەکەناڵە ئاسمانییەکاندا نین‌و ڕیکلامکردن لەژێر کۆنترۆڵی کەناڵدایەو بەندە بەجیاوازیی توانستی دارایی ڕیکلامکارەوە. | | | | | | | | | | | | | |
| ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوک، ئەو سەرنجەی لا دروست کردوم کە دەتوانێت خاوەن کاڵا و کڕیار لەیەک شوێندا کۆبکاتەوەو ئاڵوگۆڕی زانیاری بکەن، لەکاتێکدا ئەم تایبەتمەندییە لەکەناڵەکاندا نییە. | ١٦ | ٢٢،٩ | ٣٨ | ٥٤،٢ | ٩ | ١٢،٩ | ٦ | ٨،٦ | ١ | ١،٤ | ٣،٨٩ | ٠،٩١٠ | ١٢ |
| ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوک، ئەوەی پێ گەیاندوم کە بەهۆی ئەو داتایانەی کە تۆڕەکە لەبارەی بەکارهێنەران و پێویستی و ئارەزووەکانیانەوە هەیەتی، دەتوانێت بە ئاسانی ئاشنای خواست و پێویستییەکانی وەرگر/کڕیار بێت. | ١١ | ١٥،٧ | ٤٧ | ٦٧،٢ | ٧ | ١٠ | ٤ | ٥،٧ | ١ | ١،٤ | ٣،٩٠ | ٠،٧٨٣ | ١١ |

- بەپێی ئەنجامی خشـــتەی(٧) دەردەکەوێت کە میدیاکاران، بەپلەی یەکەم، ڕایانوایە ڕیکلامی بازرگانی لەفەیســـبوک، **زانیاریی ئەوەی پێ بەخشـــیون کە ئامرازێکە لەئامرازەکانی بەبازاڕکردن بۆ هەمو پرۆژەیەکی بازرگانیی گەورە تا بچوک**، بەنێوەندی ژمێرەیی(٤،٢٤) و لادانی پێوەری (٠،٧٨٨).
- بە پێی ڕێکاری ئاماریی بۆ ژمارەی دوبارەبونەوەو ڕێژەی ســـەدیی-ش کە لەخشـــتەکەدا هاتوە، بژاردەی(**لەگەڵیدام**) بۆتە وەڵامی پێوانەیی میدیاکاران لەبەرامبەر هەمو بڕگەکانی کاریگەریی مەعریفیدا.

**٢-٣-٢، کاریگەرییە ویژدانی/ سۆزدارییەکانی ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوکدا**

- **خشتەی(٨): تایبەت بە کاریگەرییە سۆزدارییەکانی ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوکدا:**

| پلەی هاوڕایی و ڕێکاری ئاماری / بڕگەکانی کاریگەریی ویژدانی | تەواو لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدانیم | | هیچ لەگەڵیدانیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | | | |
| ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوکدا، دڵەڕاوکێی بۆ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان دروست کردوە لەوەی ببێتە ئامرازێکی کێبەرکێکاری بواری ڕیکلامکردن. | ٨ | ١١،٤ | ٢٩ | ٤١،٥ | ٢١ | ٣٠ | ١١ | ١٥،٧ | ١ | ١،٤ | ٣،٤٦ | ٠،٩٤٣ | ٤ |
| کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ترسیان لەوەیە کە پرۆسەی ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوکدا، ببێتە هۆکارێک بۆ کەمبونەوەی ڕێژەی ڕیکلامکردنی بازرگانی لەکەناڵە ئاسمانییەکاندا. | ٦ | ٨،٦ | ٤٠ | ٥٧،١ | ١٣ | ١٨،٦ | ١٠ | ١٤،٣ | ١ | ١،٤ | ٣،٥٧ | ٠،٨٩٤ | ٢ |
| کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەوە نیگەرانن کە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی لە ڕیکلامی | ٣ | ٤،٣ | ٣٨ | ٥٤،٣ | ٢٥ | ٣٥،٧ | ٣ | ٤،٣ | ١ | ١،٤ | ٣،٥٦ | ٠،٧١٥ | ٣ |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بازرگانی لەفەیسبوکدا هەیە کە لەکەناڵە ئاسمانییەکاندا نییە | | | | | | | | | | | | |
| بەبۆنەی برەوسەندنی دیاردەی بە بازاڕکردنی بازرگانی لەفەیسبوکدا، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەئایندەی خواست لەسەر ڕیکلامکردنی بازرگانی لە کەناڵەکانیان، دڵنیا نین. | ٦ | ٨،٦ | ٢٩ | ٤١،٤ | ٢٠ | ٢٨،٦ | ١٤ | ٢٠ | ١ | ١،٤ | ٣،٣٦ | ٠،٩٤٨ | ٤ |
| لەسایەی ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوکدا، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەدۆخی داهاتی ڕیکلامی کەناڵەکانیان ئاسودە نین. | ٥ | ٧،١ | ٤٠ | ٥٧،١ | ١٨ | ٢٥،٨ | ٥ | ٧،١ | ٢ | ٢،٩ | ٣،٥٩ | ٠،٨٤٣ | ١ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی(٨) دەردەکەوێت کە میدیاکاران، بەپلەی یەکەم، ڕایانوایە کە، لەسایەی دیاردەی ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوکدا، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان **بەدۆخی داهاتی ڕیکلامی کەناڵەکانیان ئاسودە نین**، ئەوەش بە ڕێکاری ئاماریی نێوەندی ژمێرەیی(٣،٥٩) و لادانی پێوەری(٠،٨٤٣).
- بە ڕێکاری ئاماریی بۆ ژمارەی دوبارەبونەوەو ڕێژەی سەدیی-ش کە لەخشتەکەدا هاتوە، بژاردەی(**لەگەڵیدام**) بۆتە وەڵامی پێوانەیی میدیاکاران لەبەرامبەر هەر پێنج بڕگەکەی کاریگەرییە ویژدانی/سۆزدارییەکان.

**٣-٣-٣، کاریگەرییە ڕەفتارییەکانی ڕیکلامی فەیسبوک و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕێژە، نرخ، داهات-ی ڕیکلام:**

**٣-٣-٣-١: کاریگەریی ڕەفتاریی ڕیکلامی فەیسبوک(ناکاراکردن)و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕێژە، نرخ، داهات-ی ڕیکلام:**

**خشتەی (٩): کاریگەریی ڕەفتاریی(ناکاراکردن): ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕێژە، نرخ، داهاتی ڕیکلام:**

| پلەی هاوڕایی و ڕێکاری ئاماری / بڕگەکانی کاریگەری ڕفتاری(ناکاراکردن) | تەواو لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدانیم | | هیچ لەگەڵیدانیم | | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | | | |
| ڕیکلامی بازرگانی فەیسبوک، ڕێژەی ڕیکلامکردنی لە کەناڵە | ١٤ | ٢٠ | ٣٠ | ٤٢،٨ | ١٧ | ٢٤،٣ | ٧ | ١٠ | ٢ | ٢،٩ | ٣،٦٧ | ١،٠٠٣ | ١ |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاسمانییە كوردییەكاندا كەم كردۆتەوە. | | | | | | | | | | | | | |
| ڕیكلامی بازرگانی لەفەیسبوكدا، نرخی ڕیكلامكردنی لە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكاندا كەم كردۆتەوە. | ١٠ | ١٤،٣ | ٢٩ | ٤١،٣ | ٢٠ | ٢٨،٦ | ٩ | ١٢،٩ | ٢ | ٢،٩ | ٣،٥١ | ٠،٩٨٩ | ٣ |
| ڕیكلامی بازرگانی لەفەیسبوكدا، داهاتی كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكانی هەرێمی كوردستانی كەمكردۆتەوە. | ١٠ | ١٤،٣ | ٣٤ | ٤٨،٦ | ١٨ | ٢٥،٧ | ٧ | ١٠ | ١ | ١.٤ | ٣،٦٤ | ٠،٩٠١ | ٢ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی(٩) دەردەكەوێت كە میدیاكاران، بەپلەی یەكەم، ڕایانوایە ڕیكلامی بازرگانی لەفەیسبوك، ڕێژەی ڕیكلامكردنی لەكەناڵە ئاسمانییە كوردییەكانی هەرێمی كوردستاندا كەمكردۆتەوە، بەنێوەندی ژمێرەیی (٣،٦٧) ولادانی پێوەری (١،٠٠٣).
- بە ڕێكاری ئاماریی بۆ ژمارەی دوبارەبونەوەو ڕێژەی سەدیی-ش كە لەخشتەكەدا هاتوە، بژاردەی(لەگەڵیدام) بۆتە وەڵامی پێوانەیی میدیاكاران لەبەرامبەر هەر سێ برگەكەی كاریگەریی ڕەفتاری(ناكاراكردن).

**٣-٣-٣-٢، كاریگەریی ڕەفتاریی ڕیكلامی فەیسبوك(كاراكردن): ڕێكاری هەمەجۆری كێبەركێی كەناڵ لەئاست ڕیكلامی بازرگانی لە فەیسبوكدا:**

**خشتەی(١٠): كاریگەریی ڕەفتاریی(كاراكردن): ڕێكارەكانی كێبەركێ لەئاست ڕیكلامی بازرگانی لە فەیسبوكدا:**

| پلەی هاوڕایی و ڕێكاری ئاماری / برگەكانی كاریگەریی ڕەفتاری (كاراكردن) | تەواو لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدانیم | | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | | | |
| كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان پلانی نوێیان داناوە بۆ گرێبەستی | ١٠ | ١٤، | ٣ | ٥٢، | ١ | ٢٤، | | ٥، | ٢ | ٢،٩ | ٣،٧٠ | ٠،٨٩ | |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕیکلامکردن لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانییەکاندا. | | | | | | | | | | | | | |
| پەیوەندیی نوێ لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانییەکاندا دروستکراوە بۆ ڕێکەوتن لەسەر ڕیکلامکردن بۆیان بەشێوازی قیست. | ٦ | ٨،٦ | ٢ | ٣٨، | ٢ | ٤ | | ١١، | ١ | ١،٤ | ٣،٤١ | ٠،٨٦ | |
| پەیوەندیی نوێ لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانییەکاندا گرێدراوە بۆ ڕێکەوتن لەسەر ڕیکلامکردن بە هەلی داشکاندن. | ٨ | ١١،٤ | ٣ | ٥٤،٣ | ١ | ٢٧، | | ٥، | | ١، | ٣،٦ | ٠،٨٠ | |
| پەیوەندیی نوێ لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانییەکان دروستکراوە بۆ ڕێکەوتن لەسەر ڕیکلامکردن بەقەرزی درێژخایەن. | ٣ | ٤،٣ | ٢ | ٣٤،٣ | ٢ | ٣٢، | ١ | ٢ | | ٨، | ٣،٠ | ١،٠٣ | ١ |
| پەیوەندیی نوێ لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانییەکان دروستکراوە بۆ ڕێکەوتن لەگەڵیان لەسەر زیادکردنی جارەکانی دووبارەبونەوەی ڕیکلام بۆ بەرهەمەکانیان لەماوەی ٢٤ کاژێری پەخشی کەناڵدا. | ٦ | ٨،٦ | ٣ | ٤٤،٣ | ٢ | ٣ | | ١١، | | ٥، | ٣،٣ | ٠،٩٩ | ١ |
| گۆڕانکاری لەستافی بەشی ڕیکلام و بەشە پەیوەندیدارەکانی ئابوریی کەناڵەکان کراوە بۆ کاراکردنی هێزی مرۆیی و زیادکردنی داهات. | ١٠ | ١٤،٣ | ٣ | ٥٢،٨ | ٢ | ٢٨، | | ٢، | | ١، | ٣،٧ | ٠،٧٨ | |
| بایەخی زیاتر بەکردنەوەی پەیج و کاراکردنی لاپەڕەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان دراوە لەفەیسبوکدا بۆ کردنیان بە سەکۆیەکی تری ڕاکێشانی بەکارهێنەرانی فەیسبوک بۆ لای کەناڵەکە. | ١٧ | ٢٤،٣ | ٤ | ٦٠ | | ١١، | | ٢، | | ١، | ٤،٠ | ٠،٧٨ | ١ |
| لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەدواداچون بۆ ژمارەو ناوی ئەو کۆمپانیایانە کراوە کە لەفەیسبوکدا ڕیکلام بۆ کالاکانیان دەکەن بە مەبەستی ئەنجامدانی | ٦ | ٨،٦ | ٤ | ٥٨،٦ | ١ | ٢٥، | | ٥، | | ١، | ٣،٦ | ٠،٧٧ | |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گرێبەستی ڕیکلامکردن لەگەڵیاندا. | | | | | | | | | | | | | |
| لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بایەخ بە بڵاوکردنەوەی چالاکییە خێرخوازی و هەمەڕەنگەکانی ئەو کۆمپانیایانە دراوە کە ڕویان کردۆتە ڕیکلامی بازرگانی لە فەیسبوک، لەبەرامبەر بەستنی گرێبەستی ڕیکلام لەکەناڵەکانیاندا. | ٧ | ١٠ | ٣ | ٤٨،٦ | ٢ | ٣٤، | | ٥، | | ١، | ٣،٦ | ٠،٨٠ | |
| لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا چاوپۆشی لەکەموکوڕی و خراپیی خزمەتگوزاریی ئەو کۆمپانیا بازرگانییانە کراوە کە ڕویان کردۆتە ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوک، بۆ ئەوەی گرێبەستی ڕیکلامکردنیان لەگەڵدا بکەن، یان بەردەوامبن لەسەر گرێبەستەکانیان. | ٩ | ١٢،٩ | ٢ | ٣٤،٣ | ٢ | ٣ | ١ | ١٧، | | ٥، | ٣،٣ | ١،٠٨ | ١ |
| کوالیتی ئامادەکردن و مۆنتاژو دەرهێنانی هونەری بۆ پەیامە ڕیکلامییەکان لەکەناڵەکاندا بەرز کراوەتەوە. | ١٨ | ٢٥،٧ | ٣ | ٥٢،٨ | | ٨، | | ١ | ٢ | ٢، | ٣،٨ | ١،٠٠ | |
| خولی پەرەپێدانی تواناکان بۆ ستافی ڕیکلام و ئابوریی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان کراوەتەوە. | ١٢ | ١٧،١ | ٢ | ٣٨،٦ | ١ | ٢٧، | | ١١، | | ٥، | ٣،٥ | ١،٠٨ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی(١٠) دەردەکەوێت کە میدیاکاران، بەپلەی یەکەم، ڕایانوایە هەوڵی کردنەوەی پەیج و کاراکردنی لاپەڕەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان دراوە لەفەیسبوکدا بۆ کردنیان بەسەکۆیەکی تری ڕاکێشانی زیاتری بەکارهێنەرانی فەیسبوک بۆ لای کەناڵەکە، بەنێوەندی ژمێرەیی(٤،٠٣) و لادانی پێوەری (٠،٧٨٠).
- بەپێی ڕێکاری ئاماریی بۆ ژمارەی دوبارەبونەوەو ڕێژەی سەدیی-ش کە لەخشتەکەدا هاتوە، بژاردەی(**لەگەڵیدام**) بۆتە وەڵامی پێوانەیی میدیاکاران لەبەرامبەر زۆربەی ڕەهای بڕگەکانی کاریگەرییە ڕەفتارییەکاندا(کاراکردن).
- میدیاکاران تەنها لە یەک بڕگەدا، بە بژاردەی(**بێلایەنم**) وەڵامیان داوەتەوە کە ئەویش پەیوەستە بە بڕگەی (**پەیوەندیی نوێ لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانییەکاندا دروست کراوە بۆ ڕێکەوتن لەسەر ڕیکلامکردن بۆیان بە شێوازی قیست**)، ئەم وەڵامە ٢٨ جار دوبارەبۆتەوەو ڕێژەی(٤٠٪)ی وەڵامی میدیاکارانی لە بڕگەکەدا

وەرگرتوە، ئەوەش بە نێوەندی ژمێرەیی(٣،٤١) ولادانی پێوەریی(٠،٨٦٠) و ڕیزبەندی(٩). ئەم ئەنجامە ئەوە ڕوندەکاتەوە کە کەناڵە ئاسمانییەکان لە چوارچێوەی کاریگەرییە ڕەفتارییەکانی ڕیکلامی بازرگانیی فەیسبوک لەسەر ئابوریی کەناڵەکانیان، پەنایان نەبردۆتە بەر ڕیکردن بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان بە شێوازی قیست

## دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە:

دەرەنجامەکانی لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا پوخت دەکەیتەوە:

١) ڕیکلام ڕێژەیەکی کەمی سەرچاوە دارایی و ئابورییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنێت. ئەمە لەلایەک بەڵگەی ئەوەیە کە ڕیکلام هێشتا نەبۆتە چالاکی و پیشەسازیەکی بەهێزو پەرەسەندو لە کەناڵە ئاسمانییەکانی جێی توێژینەوەکەدا. لەلایەکی تریش تەبایە لەگەڵ بۆچونی زۆربەی بەڕێوەبەرانی کەناڵە ئاسمانییەکانی جێی توێژینەوەکەدا کە ڕیکلام تەنها بە یەک سەرچاوەی داهاتی خۆیان دەزانن کە ئەوە بۆ خۆی، کەموکورتییە لە دۆخی ئابوریی کەناڵەکاندا.

٢) دەرکەوتو کە لایەنی خاوەنداریی کەناڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیەدا سەرچاوەی سەرەکیی ئابوریی کەناڵ و لایەنی سەرەکی پارەدارکردنی کەناڵە (Channel Finance)، ئەمەش گوزارشتە لەوەی کە ڕیکلام سەرچاوەیەکی لاوەکیی ئابوریی کەناڵەکانە.

٣) ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوک، کاریگەریی مەعریفیی لەسەر ئابوریی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیە دروستکردوە، ئەویش بەوەی لەو کەناڵانەدا درک بە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک و تەواوی تایبەتمەندییەکانی لەبواری ڕیکلامی بازرگانی و جیاوازییەکانیان لەگەڵ ڕیکلامکردن لەو کەناڵانە، کراوە.

٤) ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوک، کاریگەریی ویژدانی/سۆزداریی خۆی دروستکردوە سەبارەت بە دۆخی ئابوریی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیە، لەم ڕووەوە، کەناڵەکان بەگشتی لە دڵەڕاوکێن و بە ئایندەی داهاتی ڕیکلام لە کەناڵەکانیاندا، ئاسودە نین.

٥) ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوک، کاریگەریی ڕەفتاریی (**ناکاراکردن**)ی دروستکردوەو ڕەنگدانەوەی خۆیشی لەسەر ڕێژە و، نرخ و، داهات -ی ڕیکلام لەکەناڵەکانی جێی توێژینەوەکەدا، داناوە.

٦) ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوک، کاریگەریی ڕەفتاریی (**کاراکردن)ی** دروستکردوە، کە بریتییە لە گرتنەبەری زۆر ڕێکاری هەمەجۆری کێبەرکێ لەلایەن کەناڵە ئاسمانییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیەوە لەئاست دیاردەی ڕیکلامی بازرگانی لەفەیسبوکدا. تاقە ڕێکارێک کە نەگیرابێتەبەر دروستکردنی پەیوەندیی نوێیە لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانییەکاندا بۆ ڕێکەوتن لەسەر ڕیکلامکردن بۆیان بە شێوازی قیست.

## پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:

١) توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن، جگە لە ڕیکلام وەک سەرچاوەیەکی دارایی و داهات، توێژینەوە لەسەر سەرچاوەکانی تری ئابوریی کەناڵە ئاسمانییەکانی جێی ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بکەن.

٢) توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن توێژینەوە لەبارەی ئابوریی کەناڵە ئاسمانییەکانی تری دەرەوەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی بواری هەواڵ و سیاسەت، بکەن.

٣) توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن بایەخ بە لایەنی پارەدارکاری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان و کاریگەرییەکانی لەسەر سنوردارکردنی سەرچاوەکانی ئابوریی ئەو کەناڵانە، بدەن.

# The impact of commercial advertising on Facebook on the economy of Kurdish satellites in the Kurdistan Region

**Adalat Abdullah Mohammed[1] - Nazakat H. Hamasaeed[2]**

[1+2]Department of Media, College of Humanities, University of Sulaimany, Sulaimany Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The impact of commercial advertising in Facebook on the economy of Kurdish television channels in the Kurdistan Region is the subject of this study, which is part of a PhD thesis.
The aim of this study is to reveal the reality of advertising and other economic resources of the media in Kurdish satellite channels in the Kurdistan Region, and understanding level of knowledge and of these channels to the process of commercial advertising in Facebook and its characteristics. And determine the impact of commercial advertising in Facebook on the rate, price and revenues of advertising in Kurdish satellite channels. And determine the extent to which these channels have taken various measures to address the impact that commercial advertising in Facebook may have on the economy of their channels.
This study is descriptive in nature and its approach is to survey the public opinion. As for the study community is the Media cadres of Kurdish satellite channels in the Kurdistan Region. But the sample is the Media cadres of seven Kurdish news and political channels, they are: GK, Rudaw, KNN, NRT, K24, Kurdsat news, Payam.
The data collection tools for this study are interviews and questionnaire format which distributed to 70 media personnel who are also those concerned with the economics of Kurdish satellite channels. This study is also benefited from these previous studies.The most important findings of this study are that commercial advertising in Facebook has had a cognitive, emotional and behavioral impacts on the economy of Kurdish satellite channels in the Kurdistan Region. And advertising is just accounts for 25% of these channels' revenue.

**Keywrds:** Impact, Advertising, Facebook, Media Economics

## سەرچاوەکان:

الحديدي، مني سعيد-علي، سلوى إمام، (٢٠٠٥م)، (**الإعلان، أسسه، وسائله، فنونه**)، الدار المصرية اللبنانية.

الحمداني وآخرون، (٢٠٠٦م)، (**مناهج البحث العلمي: الكتاب الأول: أساسيات البحث العلمي**) جامعة عمان للدراسات العليا، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، عمان.

العديلي، مبروك، (٢٠١٥م)، (**التسويق الإلكتروني**)، دار أمجد للنشر والتوزيع، عمان.

الفار، محمد جمال، (٢٠١٤م)، (**معجم المصطلحات الإعلامية**)، دار أسامة للنشر والتوزيع، الأردن – عمان.

كافي، مصطفى يوسف،(٢٠١٥م)، (**إقتصاديات صناعة الإعلام**)، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان.

اللحام والآخرون،(٢٠١٨م)، (**إدارة الإعلام وإقتصادياته**)، دار الأعصار العلمي، عمان – الأردن.

مكاوي، حسن عماد- السيد، ليلى حسين،(٢٠٠١م)،(**الإتصال ونظرياته المعاصرة**)،ط٢، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة.

نجم، طه عبدالعاطي، (٢٠١٥م)، (**مناهج البحث الإعلامي**)، دار كلمة للنشر والتوزيع، مصر- الأسكندرية.

نصر، حسنى محمد، (٢٠١٥م)، (**نظريات الإعلام**)، دار الكتاب الجامعي، دولة الأمارات العربية – الجمهورية اللبنانية.

Alexander, and other,(2004),(**Media Economics- Theory and Practice**), Third Edition, publishers Mahwah,New jersey, Londin.

_Ivanovic A. & Collin P H,**(2003),(Dictionary of Marketing),** Bloomsbury Publishing Plc,third edition, Italy.

Ivanovic A. & Collin P H,**(2003),(Dictionary of Marketing),** Bloomsbury Publishing Plc,third edition, Italy.

١٣) عەبدوڵلا، عەدالەت، (**خواست لەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن**)، ڕۆژنامەی: (کوردستانی نوێ)، ژمارە(8306)، ڕۆژی ٧-٣-٢٠٢١، سلێمانی- هەرێمی کوردستان.

١٤) جاسم، رعد، (٢٠٠٨م)، (**التعرض للأخبار التلفزيونية في العراق وعلاقته بأخبار الصحافة والإذاعة**)، مجلة كلية التربية الأساسية، جامعة المستنصرية، العدد الثالث والخمسون، بغداد.

١٥) شيخاني، سميرة، (٢٠١٠)، (**الإعلام الجديد في عصر المعلومات**)، مجلة جامعة دمشق، المجلد٢٦، العدد: (٢.١)، قسم الإعلام- كلية الآداب و العلوم الإنسانية، سوريا.

بوغرارة، سعاد – صخر، محسن، (٢٠١٥م)، (**أستخدام الصحفيين الجزائريين لمواقع التواصل الإجتماعي في الإداء الإعلامي- الفيسبوك و اليوتيوب والتويتر انموذجا**)، رسالة ماجستر، شعبة علوم إعلام وإتصال، كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية، جامعة قاصدي مرياح ورقلة، الجزائر.

سكيك، هشام أحمد، (٢٠١٤م)، (**دور شبكات التواصل الإجتماعي في توعية الشباب الفلسطيني بالقضايا الوطنية**)، رسالة ماجستير في مجال الصحافة والإعلام، قسم الصحافة والإعلام – الجامعة الإسلامية – غزة.

چاوپێکەوتن لەگەڵ (**بورهان حاجی عەلی**)، بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانیی گەلی کوردستان، ڕۆژی ٢٩-٥-٢٠٢٢، سلێمانی – هەرێمی کوردستان.

چاوپێکەوتن لەگەڵ (**محەمەد حاجی کەریم**)، بەڕێوەبەری گشتیی دامەزراوەی میدیایی کوردستان ٢٤، ڕۆژی ١٩-٥-٢٠٢٢، هەولێر – هەرێمی کوردستان.

چاوپێکەوتن لەگەڵ (**هونەر ئیحسان**)، بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانیی NRT-ی هەواڵ، ٣-٨-٢٠٢٢، سلێمانی- هەرێمی کوردستان.

چاوپێکەوتن لەگەڵ (**ئاکۆ محەمەد**)، بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانیی ڕوداو، ڕۆژی ١-٧-٢٠٢٢، هەولێر- هەرێمی کوردستان.

چاوپێکەوتن، **وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان**، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، بەشی بانکی زانیاری میدیاکانی کوردستان، ٣٠-٥-٢٠٢٢، هەولێر- هەرێمی کوردستان.

سمير، ريهام، (**أفضل وسيلة إعلاية في السعودية**)، موقع: المرسال، تاريخ النشر ١ يونيو٢٠١٤م، الرابط: https://www.almrsal.com/post/131180

فريق التحرير، (**أنواع الإعلانات على الفيسبوك Facebook Ads**)، ٢٧ نوفمبر ٢٠٢١، موقع: تواصل- منتدى للتسويق والإعلام الرقمي، تاريخ البحث عن الموضوع: ٥-٢-٢٠٢٢، الرابط: https://tawasulforum.org/article/digital-marketing/https-tawasulforum-org-article-digital-marketing-38244/

كميل، مجدي، (**ماهو متجر فيسبوك وكيف تبيع و تربح من خلاله ٢٠٢٢؟)**، موقع: الرابحون، ٢٤ يناير ٢٠٢٢، تاريخ البحث عن الموضوع: ٥-٢-٢٠٢٢، الرابط: https://www.alrab7on.com/facebook-marketplace-what-you-should- .

نور، محمد، (**التسويق عبر الفيسبوك- دليلك الحصري الشامل ٢٠٢١**)، موقع الرابحون، ٣١اكتوبر، ٢٠٢١، تاريخ البحث عن الموضوع: ٥-٢-٢٠٢٢، الرابط/ https://www.alrab7on.com/facebook-marketing/.

يوسف، محمد، (**التسويق المجاني عبر جروبات الفيسبوك من الألف للياء**)، ٦ حزيران ٢٠١٨م، تاريخ البحث عن الموضوع: ١-٣-٢٠٢٢، الرابط: https://expandcart.com/ar/21570-%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B3%D9%88%D9/.

---

**ناوی شارەزایان و پسپۆڕانی دەستەی داوەریکردن بۆ فۆرمی ڕاپرسی :**

١) پرۆفیسۆر.د.یونس عەلی ئەحمەد، ئابوری، سەرۆکی ب. ئابوری، کۆلێژی کارگێڕی و ئابوری، زانکۆی سلێمانی.
٢) پرۆفیسۆر.د.هێرش ڕەسول موراد، ڕاگەیاندن، ڕۆژنامە، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
٣) پرۆفیسۆر، د.هێمن مەجید حەسەن، ڕاگەیاندن، TV، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٤) پرۆفیسۆر.د.ئیبراهیم سەعید فەتحوڵلا، ڕاگەیاندن، TV، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٥) پرۆفیسۆر، د.ئیبتیسام ئیسماعیل قادر، ڕاگەیاندن، TV، ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٦) پ.ی. د.حەکیم عوسمان حەمید، ڕاگەیاندن، TV، ڕاگری کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
٧) پ.ی.د.سەلام نەسرەدین محەمەد، ڕاگەیاندن، TV، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی
٨) پ.ی.د.پاڤێ جەمیل ئەحمەد، ڕاگەیاندن، ڕۆژنامە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٩) پ.ی.د.سامان جەلال مەولود، ڕاگەیاندن، TV، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
١٠) پ.ی.د.عومەر ڕەمەزان ئەحمەد، ڕاگەیاندن، ڕۆژنامە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
١١) پ.ی.د.لانە سابیر محەمەد، ڕاگەیاندن، پەیوەندییە گشتییەکان، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
١٢) پ.ی.د.یەحیا عومەر ڕیشاوی، ڕاگەیاندن، ڕۆژنامە، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
١٣) پ.ی.د.سەمیرە محمد صالح محمد، زانیاری و ئامار، کۆلێژی کارگێڕی و ئابوری، زانکۆی سلێمانی.